Kurdistan Chronicle

# گوڵکەند

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٥)

یەکشەممە ٢٠٢٤/١٢/١


# پەتاتە لە ڕوڤیا بێکاری و تاوانی نەهێشتووە



وێنە: سەفین حەمید



وێنەکان: سەفین حەمید

# ڕێگەی هەولێر لە ئەڵمانیا

قاسم خدر

گ کاتێک ڕووناکیی هۆڵی ئاهەنگەکان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا کز بوو، بێدەنگی باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشا، کە تێکەڵەیەک لە خەڵکی ئەڵمانی و کوردانی تاراوگە بوون، هەموو گوێ قوڵاخ چاوەڕوان بوون؛ چەند ساتێک پاشتر یەکەمین نۆتەکان هەوایان تەنی، ئاوێتەیەک لە ئاوازی کوردی و ریتمی ڕۆژئاوایی کە هەم هەستکردن بە نوستالژیا و نوێگەریشیان دەبزواند.

جەماوەرەکە هەر زوو بەجۆش و خرۆشەوە بۆیان سەندەوە و هەندێ لەو کوردانەی لەوێ بوون کەوتنە هەڵپەڕکێ و لە ناوجەرگەی ئەورووپادا ڕۆحی نیشتمانیان زیندوو کردەوە.

ئەم چالاکییە کە ناوی (ڕێگەی هەولێر) بوو، زنجیرە کۆنسێرتێکی ناوازە بوو؛ دە میوزیکژەنی کورد و ژمارەیەک هونەرمەندی ئەورووپی لە سێ ئاهەنگدا لە شارەکانی کۆڵن، دوسلدۆرف و ڤوپەرتاڵ کۆکردەوە و ئاوێتەیەکی بێ وێنەیان لە نەریتە مۆسیقییە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان پێشکەش کرد.

ئاهەنگەکان کە (پەیمانگەی گۆتە لە عێراق) ڕێکی خستبوون، تەنها تایبەت نەبوون بە میوزیک. بەلای موعتەز عەبدولڕەحمانەوە، کە سەرۆکی بەشی کتێبخانە و زانیاریی پەیمانگەی ناوبراو و ڕێکخەری چالاکییەکە بوو، ئەو کۆنسێرتانە دیدگەیەک بۆ ئالوگۆڕی کولتووری دەنوێنن کە بەدرێژایی چوار ساڵی کارکردنی پەیمانگەی گۆتە لە کوردستانی عێراق لە گەشەدا بووە، "ئامانجی ئێمە برەودان بووە بەهاریکاریی نێوان میوزیکژەنانی ئەورووپی و کورد، لە ڕێی بەیەکگەیاندنی ئەو بەهرانەوە بناغەیەک بۆ هاوکاریکردنی ئایندە دروست دەکەین. ئەوە بە ویستی خۆیانە چۆن چۆنی بەردەوام دەبن، بەڵام ئێمە پابەندین بە پشتیوانیکردنی ئەو جۆرە هاوبەشایەتییە".

بۆ میوزیکژەنانی کورد ئەو کۆنسێرتانە دەرفەتێک بوون بۆ ناساندنی کەلەپووری کوردی بە جەماوەرێکی نوێ.

ریمان سالار کەمانچەژەنێکی تەمەن ٢٣ ساڵی خەڵکی هەولێری پایتەختە، باس لەوە دەکات ئەو ئەزموونە بۆ ئەو چەندە مانادار بووە، دەڵێ "ئەوە یەکەم جارمە بێمە ئەڵمانیا و لەم شوێنەدا بژەنم"، کە بەبڕوای ئەو "ئاوێتەکردنێکی نایابی میوزیکی ڕۆژئاوایی و کوردی بوو، ئێمە پێویستمان بەدەرفەتی زیاتری لەم چەشنەیە، تا میوزیکی کوردی بە جیهان بناسێنین".

ڕێمان، کە خۆی لە خێزانێکی میوزیک پەروەرە و باوکی کەمانچەژەنێکی ناسراوە و یەکەم کەس ئەو کاری تێ کردووە، هەستی دەکرد ئەو نوێنەرایەتی چەندین نەوە لە کەلەپووری میوزیکی کوردی دەکات. "ئەم کەمانچەیە یەکەمین ئامێر بوو گوێم لێی بوو، باوکم زۆر جار لەماڵەوە دەیژەنی".


دانا موحیەدین تارژەنێکی خەڵکی سلێمانییە، باوەڕی وایە کۆنسێرتەکان تەنها دەرفەتێک نەبوون بۆ ژەنین، بەڵکو بۆ ئەوەیش میوزیکی کوردی بەگوێی ئەوانی تردا بدەین؛ کە کاریگەری لە وشە زیاترە. دەڵی "کاتێک میوزیکی کوردی ئاوێتەی میوزیکی کولتووری تر دەبێت، ئێمە پردێک دروست دەکەین؛ لەڕێیەوە ئەوانی تر قووڵتر لە کەلەپووری ئێمە بگەن".

بەلای (میشێل گۆدارد)ەوە، ژەنیاری جازی پێشەنگی فەرەنسی کە سێرپێنت دەژەنێت -ئامێرێکی کۆنی مسینە- گەڕانەوەیە بۆ کولتوورێک پێشتر لە کوردستانی عێراق دیویەتی.


ئەوگوتی "دوو ساڵ لەمەوپێش لە سلێمانی ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشی کارکردنمان لەگەڵ میوزیکژەنانی کورد هەبوو، ئەگەرچی ڕەنگە بە یەک زمان نەدوێین، بەڵام میوزیک بەیەکمانەوە دەبەستێت. بۆ نموونە من و دانا بەبێ بەکارهێنانی وشە پەیوەندی دەکەین، دەژەنین و لە ڕۆحی یەکتر تێدەگەین".

ریشەی ئەنجامدانی ئەو زنجیرە کۆنسێرتە بۆ هەوڵەکانی ئانێت مەی، کلارینێت-ژەنی بەناوبانگی ئەڵمانی و بەڕێوەبەری هونەریی فیستیڤاڵی مەڵتی پۆنیکس دەگەڕێتەوە. دوو سەردانەکەی بۆ کوردستان لە ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ بیرۆکەی (ڕێگەی هەولێر)ی لێ کەوتەوە، واتە هێنانی میوزیک و کولتووری کوردی بۆ سەر شانۆکانی ئەڵمانیا، ئەو گوتی "من بە ئیلهامەوە لە کوردستان گەڕامەوە، دەمویست شتێک دروست بکەم بەردەوام بێت. ئالوگۆڕ لەنێوان میوزیکژەنانی ئەوروپی و کورددا هەندێ بیرۆکەی لە ژەنین و شێوازی منیشدا وروووژاند".

تا تەواوبوونی دووایین ئاهەنگ، زنجیرەی (ڕێگەی هەولێر) لەوە تێپەڕی تەنها نمایشێکی میوزیک بێت، بەڵکو ئەوەی وەبیر هەمووان هێنایەوە کە کولتوور و داهێنان دەتوانن گەلان پێکەوە ببەستن، سۆزی هاوبەش بەهەموو سنوور و پاشخانەکان بگەیەنن. وەک کەمانچەژەنی لاو ڕێمان وتی "میوزیک تەنها دەنگ نییە، بەڵکو زمان و مێژووە؛ ڕێگەیەکیشە بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی کولتوورمان".







شێرزاد هەینی

# 300 لۆ هەولێر

مەرج و ئامرازەکانی گەشەسەندنی گەشتیاری زۆرن، بەڵام زۆربەیان لە هەولێر بەرجەستەن!

یەکەم؛ هەولێر نزیک و هاوسنووری ناوچەیەکە (باشوور و ناوەڕاستی عێراقی عەرەبی بە شیعە و سوننەوە، بەشێکی زۆری ئێرانیش) لەبەر دابونەریت، بۆچوونی مەزهەبی، لە هەندێ بنەماکانی گەشتیاریی بێبەشن، لەبەر نزیکی و ئاسانکاریی گەیشتنیان ئاراستەی گەشتکردنیان ڕوو لە کوردستانە، بەتایبەتی هەولێر!

دووەم؛ بێجگە لە ئاووهەوا، دیمەنە شاخاوییەکان، بەهاری ڕەنگین، شەوە جوانەکانی، هەموو ئامرازە سرووشتییەکان، ئاسانکاریی زۆر دەکەن، بۆ پێشکەوتنی گەشەسەندنی بوارەکانی گەشتیاری.

ئەوەی گرنگە و مایەی خۆشحاڵییە، بێجگە لە ناوچە شاخاوییەکانی، ناو شارەکەشی گونجاوە بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار.

بەڵام، ‹بەڵام›ێکی گەورە، ‹خۆزگە›یەکی تووڕەش، ‹داوا›یەکە سەدان جاریش کراوە، گوتراوە، دراوە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە! ئەویش بایەخنەدانە بە؛ ئاست و نەخشە و بەرنامەی گەشتیاریی کۆنترین شار، ئەگەر کۆنترین شاری جیهانیش نەبێت، هی ناوچەکەیە!

ناو شارەکەش، وەک هەولێرییەکان دەڵێن؛ (سەرقۆزی بن ئاڵۆزە!)؛ نافوورەیەک، پارکێکی جوان و دیوارێک بەدەورەی قەیسەری، چایەخانەی مەچکۆ، دوو سێ کۆڵانی جوانی ناو بازاڕ و قەیسەرییەکە، تەواو.

ئەوانەش لەبەر سێبەر و هەیمەنەت، مێژووی قەڵاتەکە دیار و شکۆدارن! ئەوە سەرە قۆزەکەیە، بەڵام ئاڵۆزییەکەی گەڕەکە کۆنەکەیەتی؛ هەردوو تەعجیلەکە؛ جوو، ئیسلامەکەی، خانەقای پشت هەردوو مزگەوتەکە، سەعدوناوەی سەرکەندەکە، کۆڵانی عارەبان، کە بە چەندان کۆڵانی تەنگەبەری درێژی وەک جۆگەلە، دەڕژێنە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە، دەگەنە ڕووباری شارەکە، دەکرێ ئەو گەڕەکانە ببن بە شارە کۆنە، کەلتوورییەکە، بەڵام ئیمڕۆ بوویتە کەلاوەیەکی ڕماو، گوفەکێکی گەورە، کۆڵانە گیراو و کراوەکانیان پیسن، زۆریش بوون بە گەراجی گەورەی چەگڵرێژکراو، تەختکراو، شانشکاو بەکەرپووچی هەڵوەریو، خشتی دەرپەڕیوو، دەرگەی خانووەکانیان گیراون بە بلۆک، تەنەکە، سیم. ئەو سێ چوار گەڕەکە سیمایەکی ناشیرین و ناشارستانی دەنوێنن.

ناکرێ شارێکی کۆن، شارێکی دێرین، قەڵاتە مەزنەکەی لە ساڵی ١٩٦٠ تا ئیمڕۆ، تا ماوەیەکی درێژیش هەر نۆژەن دەکرێتەوە، هەر پارەی تێدا سەرف دەکرێت، لێژنە، بەرنامە، نەخشەی بۆ دادەنێن، نابێتە قەڵاتێکی گەشتیاری، کە هەموو مەرجەکانی گەشتیاریی جیهانیی تێدایە.

بەداخەوە، قەڵاتێکی وا مەزنت هەبێت، بەرز، لەناو چەقی شارەکە بێت، نەکرێتەوە هەوارێکی گەشتیاریی شەو و ڕۆژی، هەموو وەرزەکانی ساڵ ئاوەدان، کراوە بێت!

# ڕوڤیا 40%ی پەتاتەی کوردستان دابین دەکات

هەژار مەجید

شارەدێی روڤیا لە دهۆک بە ناوەندێکی گرنگی چاندن و بەرهەمهێنانی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان دادەندرێت، کە ساڵانە ٢٥٠ هەزار تۆن بەرهەم دێنێ و دەکاتە ٤٠٪ی کۆی بەرهەمی پەتاتە لە کوردستان، ئەو بەرهەمە بووەتە هۆی بەگەڕخستنی سەدان دەستی کاری نێوخۆیی، نەمانی ڕێژەی بێکاری و کەمبوونەوەی تاوان.

نادر عیزەت جووتیارێکی تەمەن ٥٠ ساڵە لە دەڤەری (ناوکوڕ)ی سنووری شارەدێی روڤیا، خاوەنی یەکێک لە کێڵگە گەورەکانی چاندنی پەتاتەیە، بەدەم ڕێنماییکردنی کرێکارەکانی بۆ هەڵگرتنەوەی بەرهەمی ئەمساڵ، باسی کێڵگەکەی بۆ (گڵکەند) کرد و گوتی «ئەمن ١٤٠٠ دۆنم عاردم هەیە، لە سارەکی ٨٤ هەزار تۆن پەتاتە بەرهەم دێنم».


وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

بەو پێیەی ٣٠ ساڵی تەمەنی لە بەرهەمهێنانی پەتاتەدا خەرج کردووە، نادر عیزەت شارەزایی تەواوی لە بوارەکەیدا پەیدا کردووە و لەبارەی چۆنیەتی چاندنی پەتاتەوە دەڵێ «پەتاتە هونەری خۆی هەیە، دەبی فەلاح زۆر شارەزا بی، دەبی عارد باش بکێڵدرێ، نابی ئاوی لەسەر ڕاوەستی، چونکە ئەگەر عاردەکە ئاوگیر بیت پەتاتەکە گەنی دەبی».

٢٤ خێزان بەردەوام لە کێڵگەی ئەو جووتیارە کار دەکەن، زەوییەکانی دەکێڵن و ئاودان و چاودێری بۆ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە وەرزی هەڵگرتنەوەی پەتاتەدا ڕۆژانە لە نێوان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ کەس کاری بۆ دەکەن، وەک خۆی دەڵێ لە روڤیا بەهۆی زۆری چاندنی پەتاتە هەندێک جار کرێکار دەست ناکەون، بۆیە بە ناچاری لە ئاکرێ و کەمپی ئاوارەکان کرێکار دێنن، بەم شێوەیە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە تایبەتی پەتاتە، بێکارییان لە ناوچەکە بنبڕ کردووە.

دڵدار ئەنور محەمەدئەمین بەڕێوەبەری بەشی کشتوکاڵی روڤیا، لەبارەی بەرهەمی پەتاتە لە سنوورەکە بۆ (گڵکەند) گوتی خاکی «ناوکوڕ» زۆر گونجاوە بۆ چاندنی پەتاتە، ساڵانە لە هەردوو وەرزی بەهار و پایز پەتاتە دەچێندرێت، سێ مانگیش پێویستە بۆ کامڵبوونی، تاوەکو ئامادەبێت بەمەبەستی هەڵگرتنەوەی.

ئاماژەی بە ڕێژەی بەرهەمی پەتاتەی سنوورەکەش کرد و گوتی نزیکەی ١٤٠ جووتیار کاری بەرهەمهێنانی پەتاتە دەکەن، هەروەها ساڵانە لەسەر ڕووبەری ٢٥٠٠ دۆنم زەوی، نزیکەی ٢٥٠ هەزار تۆن پەتاتە بەرهەم دێت کە ڕێژەی ٤٠٪ی کۆی بەرهەمی پەتاتە لە کوردستان پێک دەهێنێت.

هەروەها باسی پاڵپشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ جووتیارەکانی دەڤەرەکە، بەوەی کارەبای نیشتمانی کێڵگەکانی پەتاتە لە بازرگانییەوە کراوە بە کشتوکاڵی، بۆ ئەوەی تێچووی کارەبا لەسەر جووتیارەکان کەم بێتەوە، هەروەها دروستکردنی چەندین ساردکەرەوە لە سنوورەکە کە توانای هەڵگرتنی زیاتر لە ٢٨٠ هەزار تۆن پەتاتەیان هەیە.

لەبارەی چۆنیەتی ساغکردنەوەی بەرهەمی پەتاتەی سنوورەکەشەوە گوتی پێویستی ناوخۆیی پڕ دەکەنەوە و هەناردەی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکەن، تەنانەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا پەتاتەیان هەناردەی وڵاتانی دەرەوەش کردووە، وەکو ئیمارات و سعوودییە، هەروەها دوو کۆمپانیای ناوخۆیی لە سنوورەکە هەن، تۆ و ماددەی کیمیایی بە جووتیاران دەدەن و بەرهەمەکانیان لێ دەکڕنەوە، بەشێکیشیان لێ دەکرێت بە فینگەر و چپس.

لای خۆیەوە عەقیدی مافپەروەر عەلی جاسم محەمەد بەرپرسی بنکەی پۆلیسی شارەدێی روڤیا، بەردەوامیی پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ و زۆربوونی بەگەڕخستنی دەستی کاری نێوخۆیی بە هۆکاری سەرەکیی دەزانێت لە کەمبوونەوەی تاوان لە سنوورەکەدا و دەڵێ لە هەر شوێنێک هەلی کار زۆر بێت، ڕێژەی تاوان ڕوو لە کەمبوونە، چاندنی بەرهەمی پەتاتەش لە روڤیا بەو ڕێژە زۆرەی ئێستا هەیە، تاوانە گەورەکانی وەکو کوشتنی سفر کردووەتەوە.

عەقیدی مافپەروەر ئاماژەی بە ڕۆڵی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دا کە گرنگی زۆری بە کەرتی کشتوکاڵ داوە، کە وای کردووە هەلی کار زیاتر بڕەخسێت و خەڵکی دەڤەرەکە سەرقاڵ بن بە کاری کشتوکاڵی و خۆیان بە دوور بگرن لە کاری نایاسایی.


وێنە: سەفین حەمید



عەبدولباسیت فەرهادی

## هەولێر و دادگا

لەوەتەی ناکۆکی و شەڕ لە نێوان مرۆڤەکان پەیدا بووە لە کاتی قابیل و هابیلەوە، مرۆڤ پێویستی بە دادگا و یاسا هەیە.

عێراق بە لانکەی یاساکان دادەنرێ، کۆنترین یاسا لە سەردەمی دەسەڵاتی حامورابی لە بابل لەسەر (مەسەللە) یەکی ڕەش، لە ساڵی ١٧٥٠ی پێش زاین نووسراوەتەوە، کە ٢٨٢ مادده لەخۆ دەگرێ.

شاری هەولێریش کە یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان و بە کۆنترینیش دەژمێردرێ کە بەردەوام ژیانی تێدا بووە

مێژوونووسەکان باسی هەولێریان کردووە بە ئەربائیلۆ کە بە خاوەن چوار خواوەند ناوزەد کراوە، ئەوکات باسێکی تایبەت بە یاسا و دادگاکان بەرچاو ناکەوێ، لە (تەئریخ ئەربل)ی ئیبن مستەوفییش باسی نەکراوە.

سەرەتا کە ژیان تەنیا لەناو قەڵاتی هەولێر بووە، سەرجەم دامودەزگا فەرمانڕەواییەکان بە دادگاشەوە لەسەر دەرگای قەڵاتی هەولێر بوون، کە ئێستا نۆژەن کراوەتەوە و کەوتووەتە بەرامبەر باغی شار.

دواتر کە شار گەورە بووە، گەڕەکی خانەقا و دواتر تەیراوە و گەڕەکەکانی عارەبان دروست کراون، لە خوارەوەی قەڵات قشڵە دروست کراون، سەرجەم دامودەزگا میرییەکان لەناو قشڵە بوون، کە ئێستا بووەتە قایمقامیەتی هەولێر.

لە بەشی دواوەی قشڵە، چەند ژوورێک بۆ دادگا تەرخان کراون، کە دادگای بەرایی و (سولح) و دادوەری لێکۆڵینەوە لەوێ دەوامیان دەکرد و گرتووخانەی (کاتی) هەر لەناو گۆڕەپانی هەمان بینا بوو. بۆ دادگای شەرعییە (باری کەسی)ش، خانووێک لە پشت مزگەوتی قیبلەخوار بەکرێ گیرابوو، کە هی ئەشرەف باش چاوەش بوو.

لە سەردەمی دروستبوونی مەملەکەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ دانی پێدانرا، دادگای تاوانە گەورەکان کە پێیان دەگوت (مەحکەمە ئەلکوبرا)، لە هەولێر نەبوو، چونکە ژمارەی دادوەرە پلەبەرزەکان لە سەرتاسەری عێراق کەم بوو، کە مەرجە سەرۆکایەتیی دادگای تاوانە گەورەکان بکەن.

بۆیە مەلا ساڵحی نازەنینی، سەرۆکی دادگای تاوانە گەورەکان لە کەرکووک، هەفتانە دوو ڕۆژ دەهاتە هەولێر و لەگەڵ ئەندامانی دادگاکە، بۆ یەکلاییکردنەوەی داوای تاوانە گەورەکان.

ئەو دوو ڕۆژەی دادگایی، زۆربەی زۆری خانەدان و ئەشراف و ڕۆشنبیرەکانی هەولێر لە هۆڵی دادگا ئامادە دەبوون بۆ بینینی دادگایی و گوێگرتن کە پێیان دەگوت (سەماع) و دواتر لە کۆڕ و دیوەخان و حوجرەکان باسی تاوان و دادگاییەکە دەکرا و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ڕۆژی دادگایی دیکەیان دەکرد.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، لە خوار قەڵاتی هەولێرێ بینایەکی نوێ بۆ دادگا لە شوێنی باخچەی تور و سڵق کە ناعورێکی لێ بوو، بونیاد نرا و سەرجەم دادگاکانی لێ بوو بە دادگای تاوانە گەورەکانیشەوە.

یەکێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئەیلوول و ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، دروستکردنی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، کە پێشتر لە عێراق چوار دادگای تێهەڵچوونەوە هەبوون.

یەکەم سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر کە دادگاکانی سلێمانی و دهۆک سەر بەو بوون، دادوەری خوالێخۆشبوو بەکر ئیسماعیل بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٥یش کە من بەڕێوەبەری گشتیی دادی هەولێر بووم، توانیمان بە کۆمەک و هاوکاریی هاوپەیمانان، بەردی بناغەی کۆمەڵگای دادگاکانی هەولێر لە بەرامبەر پارکی سامی عەبدولڕەحمان دابنێین، کە بە چەند ساڵێک تەواو کرا.

ئێستا ئەو بینا نوێیە، سەرۆکایەتیی دادگای تێهەڵچوونەوە و دادگاکانی دیکەی لێیە. هەولێریش بەهۆی فراوانبوونی، پێویستی بە بینا و شوێنی دیکەیە لەبەر زۆریی داوا و سکاڵا و زۆربوونی دادگاکان.

# کۆترێکی بە دوو دەفتەر کڕیوە و بە دووسەد دەفتەری نادات



**هەژار مەجید**

سەید فازڵ یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی بەخێوکردنی کۆتر لە هەولێر کە کۆتربازیان پێ دەگوترێت، بەشی شێری تەمەنی خۆی لەو خولیایەیدا بەسەر بردووە و ئێستاش دەڵێ کۆتری وای هەیە بە دوو ملیۆن دۆلاریش نایفرۆشێ.

فازڵ فەخرەدین عەلی ناسراو بە سەید فازڵ، پیشەی سەرەکیی بازرگانیی کەلوپەلی ئۆتۆمبێلی کۆرییە، خاوەنی چوار منداڵە و خۆشەویستییەکی بێ وێنەی بۆ کۆتر هەیە، ئەو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا، زیاتر لە کۆترەکانی نزیک دەبێتەوە، ئێستاش کە تەمەنی گەیشتووەتە ٦٢ ساڵ، دەڵێ «٤٨ ساڵی ژیانم لە بەخێوکردنی کۆتردا بەسەر برد».

سەید فازڵ کەسێکی لەسەرخۆیە، لە سەربانی ماڵەکەی شوێنێکی تایبەتی بۆ کۆترەکانی دروست کردووە، نزیکەی ٣٥٠ کۆتری تێدایە، ئەو بەدەم پێدانی خواردن بە کۆترەکانی، باسی سەرەتای کۆتر بەخێوکردنی بۆ «گڵکەند» گێڕاوە، کاتێک لە منداڵیدا لەلایەن ناسیاوێکی خۆیانەوە دوو کۆتری بە دیاری بۆ هاتبوو، خولیای بەخێوکردنی کۆتر بووە.

ئەو پیاوە یەکێکە لە کۆتر بەخێوکەرەکانی هەولێر باسی لە جۆر و نرخی کۆترەکان کرد و گوتی لە هەولێر کۆتر بە بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە، هەروەها لە بەناوبانگترین جۆرەکانی کۆتر زاجل، ڤاڵۆن جانسن، کۆپمان و کتلن، دەڵێ جۆری کتل یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی کۆتر. هەروەها پێی وایە کۆتری بەلجیکی و هۆڵەندی لە باشترین و بەناوبانگترین کۆترەکانی جیهانن.

ئەو لەبارەی چۆنیەتی دیاریکردنی باشترین کۆتریشەوە دەڵێ باشترین کۆتر ئەوەیە کە چەند جارێک پێشبڕکێ بباتەوە.

سەید فازڵ ئێستا ١٨٠ کۆتری ئامادە کردووە بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێی ئەمساڵ، کە بڕیارە ئەم مانگە ئەنجام بدرێت.

هەروەها باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی پێشبڕکێیەکەی کرد بەوەی کۆتربازەکانی هەولێر کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان هەیە بە ناوی «کۆمەڵەی ئارەزوومەندانی کۆتری نامەبەر»، سەرەتا کۆترەکان دەبردرێن بۆ کۆمەڵە و سەرجەم کۆترەکان ژمارە دەکرێن و دواتر دەخرێنە ناو ئامێرێک بۆ ئەوەی تۆمار بکرێن و GPSێک بە قاچیانەوە گرێ دەدرێت، دواتر کۆترەکان دەبردرێن بۆ قەزای «فاو» لە سنووری پارێزگای بەسرە، لەوێ دەفڕێندرێن.

دەشڵێ دەبێت هەمان ڕۆژ کۆترەکان بگەڕێنەوە هەولێر، ئەو کۆترانەی کە بەشداری دەکەن لە جۆری زاجلن، سەید فازڵ وەک خۆی باسی دەکات، کۆترەکانی هەموو ساڵێک توانیویانە لە کێبڕکێدا سەرکەوتوو بن و ئەنجامی باش بەدەست بهێنن.

باسی لەوەش کرد کە کۆتر لە تەمەنی شەش مانگییەوە تا چوار ساڵی توانای بەشداری هەیە لە پشبڕکێ، بەڵام باشترین تەمەن بۆ پێشبڕکێی کۆتر، تەمەنی یەک ساڵییە.

لەبارەی خواردنی کۆتر و باشترین جۆری خواردنیشەوە سەید فازڵ گوتی خواردنی ئەو کۆترانە جیاوازە، پێک دێت لە تێکەڵەی بیانی کە لە وڵاتی بەلجیکا دێت و ماددەی بەرگری لەش و ڤیتامینی زۆری تێدایە، هەروەها ساڵانە پشکنینی بزیشکیان بۆ دەکات، پێویستە لە ماوەی ساڵێکدا دوو جار بکوترێن.

کۆتربازەکانی هەولێر لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیدا لە چایخانەیەکی تایبەت بەخۆیان کۆ دەبنەوە و قسە و باسی گەرم لای ئەوان کۆترە.

نرخی کۆترەکان هەندێک جار زیاترە لە نرخی ئۆتۆمبێلێک، سەید فازڵ دەڵێ کۆتری کڕیوە بە ١٠ هەزار دۆلار، هەروەها جۆرێک کۆتری هەیە ٢٠ هەزار دۆلاریان پێی داوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ ئامادە نییە بە دوو ملیۆن دۆلاریش بیفرۆشێت.



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## پیربال مەحموود

لەم ڕۆژانەی دوایی، نەوەت ساڵ بەسەر لەدایکبوون و بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی شاعیری نوێخواز پیربال مەحموود تێپەڕی.

مام پیربال (ئێمە بە پێشناوی مام ناویمان دەهێنا) شاعیرێکی ڕۆمانسیی بەتوانا بوو، بەداخەوە تا ئێستا بایەخ بەم دەنگە ناودارەی شیعری کوردیمان نەدراوە!

دیدار و هاموشۆی من لەگەڵ مام پیربال دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتاکان. مام پیربال لە سەرەتای پەنجاکانەوە بەرهەمی خۆی لە (ژین، هەتاو، هەولێر، پێشکەوتن و شەفەق) بڵاو کردووەتەوە.

شیعری مام پیربال تا ڕادەیەکی زۆر مۆسیقی و سەرواسوار و لیریکین. خۆی گوتوویەتی: (هەوڵم داوە نوێگەر بم و سێبەری جەستەی شاعیری تر نەبم).

ئەو لە هەرزەکارییەوە نوێخواز بووە، سەرەتای تەمەنی تووڵازیی خەریکی نیگارکێشی و شێوەکاری بووە، وەلێ دڵداری و سیاسەت ڕووی بۆ شیعر و نووسین پێ وەرگێڕاوە.

ئەگەر دیوانەکانی (لافاو و بەهەشتی دڵداری) کە لە پەنجاکان چاپ کراون بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت تا ڕادەیەکی زۆر وەک خۆی گوتوویەتی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شیعری کلاسیکی و دواتریش بەهۆی سەرسامیی بە گۆران و هەردی و دڵدار و دواتر هێمن، کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شیعری ڕۆمانسی و بەردەوامیی بەم ڕێچکەیە داوە.

مام پیربال جگە لەم دوو دیوانەی باسمان لێوە کرد، دواتر هەردوو دیوانی (شۆڕش و بزەی سروشت)یشی بڵاو کردووەتەوە.

دوا دیوانیشی ئەو ساڵە بوو کە کۆچی دوایی کرد لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستانەوە بە ناوی (مەرگی نەوجەوانێ) بۆ چاپ کرا. بەداخەوە لە دوا ساڵانی تەمەنی باری ناگزووریی ژیانی گرفتاری کردبوو.

کاک عوسمان موفتی بۆی گێڕامەوە: ڕۆژێکیان وەزیری ئەوکاتەی ڕۆشنبیری، ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی بەدوای مام پیربالدا دەنێرێت و پێی دەڵێت: (بە مەبەستی ڕێزلێنان لە جەنابت، ئێمە وەک وەزارەت بەنیازین کۆتەڵێکت بۆ دروست بکەین و لە شوێنێکی بەرچاو و شایستەی هەولێر دایمەزرێنین) ئەویش دەڵێ: باشە تێچووی ئەو کۆتەڵەم ڕاستەوخۆ بدەنێ بۆ سەددی ئیحتیاجاتم باشتر نییە؟ چی لە کۆتەڵکەم کە ناگزوور بم!

بەداخەوە مەرگ بواری مام پیربال و هیچێک لە شاعیرانی دیکەی هەولێری وەک بورهان جاهید، جەوهەر غەمگین، مەجید ئاسنگەر، سەرسام و پەژار و زۆری دیکەی نەدا، سەرجەمی بەرهەمەکانیان لە دیوانێکدا بە چاپکراوی ببینن. ئەم کەڵە پیاوانە پێشەنگی شیعر و نووسین و ئەدەبییات بوون لە شارەکەمان.

ئەگەر دەزگایەک هاوکارمان بن، بۆ ڕووحی پاکی ئەوان، دەتوانین ئەم ئەرکە پیرۆزە بگرینە ئەستۆ. یادی مام پیربال و هەموو پێشەنگەکانی بواری شیعر و ئەدەبییات لە هەولێر بەخێر.

## کچانی عێراق: حیسابی پلە دوومان بۆ دەکرێت

# ”هەر دەگەینە هەولێر ئاسوودە دەبین“

**دنیا سوبحی**

گ که دێت بۆ هەولێر هەست بە ئازادی دەکات، ترسی نامێنێ لەوەی بە تەنها بچێتە دەرەوە، زەهرا جەلال کچێکی بەغدایی تەمەن ٢٤ ساڵە، خۆشترین ساتی ئەوەیە کە بەتەنها دەچێتە سەر قەڵاتی هەولێر، دەڵێ ”ناترسم لەوەی کەس بێزارم بکات، بەڵام لە بەغدا ناوێرم بە تەنها بڕۆمە دەرەوە، بێزار دەکرێم و کێشەم بۆ دروست دەبێت“.

زەهرا باس لەوە دەکات لە شوێنە گشتییەکانی هەولێر و کوردستان، کچ بێزار ناکرێن، بە پێچەوانەوە لە بەغدا کچ ئازادی نییە و ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. دەشڵێ کاتێک لە بەغدا دەچنە دەرەوە، کوڕ بەشێوەیەکی بێزارکەر سەیریان دەکەن و وازیان لێ ناهێنن. بەمەش تووشی ناڕەحەتی دەبن و خۆزگە دەخوازن هەر نەچووبانە دەرەوە.

ئەو کچە بەغداییە کە زوو زوو لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ گەشت دێنە هەولێر و سلێمانی، دەڵێ هەر کە دەگەنە دەروازەکانی هەرێمی کوردستان، هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، چونکە دەزانن لێرە دەتوانن ئازادانە بێن و بچن، بێ ئەوەی کەس بە چاوی خراپ سەیریان بکات.

مەیسوون عەباس، کە خەڵکی شارۆچکەی فەللوجەیە لە پارێزگای ئەنبار، تەمەنی ٤٩ ساڵە، هیئچ ترسێکی لە هەولێر نییە، چونکە گرووپی چەتە و لە یاسا دەرچووی لێ نییە، خۆی گوتەنی، بە ئازادی هاتوچۆی خۆی دەکات، بێ ئەوەی تووشی سەرئێشە بێت.

هاوشێوەی مەیسون، نوور حاتەم کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵە و خەڵکی پارێزگای ئەنبارە، ئێستا لە هەولێر دەژی، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ژیان لە هەولێر و ژیان لە ئەنبار هەیە، دەڵێ ”لە هەولێر ئافرەتان کەسایەتییان بەهێزە و کەس ناتوانێت ناچاریان بکات بە لەبەرکردنی جلوبەرگێکی دیاریکراو، ڕێزیان لێ دەگیرێت و خاوەنی بڕیاری خۆیانن، دەتوانن بە تەنیا یان لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکانیان بەدڵی خۆیان بچنە هەر شوێنێک کە دەیانەوێت، دەتوانن خۆیان دروست بکەن بەبێ ترس لە کۆمەڵگا یان دوودڵی“.

نوور پێی وایە لە کوردستان کچ دەتوانن بەدوای خەونەکانیان بکەون، سەرقاڵی ژیانی خۆیان بن، لێرە خەڵک دەست بۆ شتێک نابەن کە پەیوەندییان پێوە نەبێت.

جگە لە ئازادی، نوور حاتەم جیاوازییەکی دیکەی ئەنبار و هەولێر دەخاتەڕوو و دەڵێ ”بە پێچەوانەی هەولێر، ژن لە ئەنبار چەندین کۆت و مەرجی بەسەردا سەپێندراوە. لە خوێندن و کار بێبەش دەکرێن.“ ئاماژە بەوە دەکات کە ئازادی لە ئەنبار بۆ ژن تەنها لە چوارچێوەی لاساییکردنەوەی ئەو شتانە دایە کە هەن، بەبێ ئەوەی پەرە بەخۆیان بدەن، بۆ نموونە بەردەوام پێداگری لەسەر چەمکی هێنانەوەی شەرمەزاری بۆ بنەماڵە دەکەن، هەر بجوڵێنەوە دەڵێن ئەمە دابونەریتی ئێمە نییە و نابێت ژن بە تەنیا بچێتە دەرەوە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە ژن لە زۆر شتدا قسەی لێ وەرناگیرێت، تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیشیاندا.

نوور بە دڵتەنگییەوە دەڵێ ”بەداخەوە ئافرەت لە عێراق پلە دووە و لە دوای پیاوەوە دێت، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پێوەرێک“.

هەرچی غوفرانە، کە ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵە و خەڵکی بەغدایە، سەرسامە بە ئازادیی جلپۆشین لە هەولێر و دەڵێ ”ئێمە لە بەغدا مافی ئەوەمان نییە بە دڵی خۆمان جلوبەرگیش لەبەر بکەین.“

هەروەها سابرین کە کچێکی تەمەن ٣٩ ساڵە و هاوشاریی غوفرانە، پێی وایە هەولێر لە هیچ شارێکی عێراق ناچێت، ئەمەش بەهۆی فرەکولتوورییەکەی و ئەو هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزایانەی بە ئازادی تێیدا دەژین و جێی هەمووان دەبێتەوە، ئەو دەڵێ ”لە هەولێر ئاسودەییم دەستکەوتووە.“






وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

دوو دیمەنی ناو بازاڕی هەولێر

بتشکێن



گۆران سەباح

## داهێنان بە ورگەستووران ناکرێت

لە دنیای یۆگادا، سێ جۆر بخۆر هەن: یۆگی، بۆگی و ڕۆگی. یۆگی واتە ئەو کەسەی یەک ژەم دەخوات لە ٢٤ سەعاتدا. بۆگی ئەو کەسەیە دوو ژەم دەخوات و ڕۆگیش ئەو کەسەیە، سێ ژەم دەخوات لە ٢٤ سەعاتدا.

یۆگی، مرۆڤێکە دەتوانێت بگاتە لووتکەی داهێنان، ئەگەر بیەوێت. مێشکی سافە، بیری تیژە، دەتوانێت بگاتە چلەپۆپەی دنیای ڕووحانیەت. ئەو جۆرە مرۆڤەمان نییە لە کوردستان، ئەگەر هەشبێت، ڕەنگە هەشت یان نۆ کەسێک هەبن.

بۆگی، مرۆڤێکە بە دوای چێژ دەکەوێت. گەوجە، تەمبەڵە، کلاوچییە، حەزی لە خۆدزینەوەیە، حەزی لە پاڵدانەوە و خواردنە. لە کوردستان، ئەوانەمان بە سەتان هەیە.

ڕۆگی، مرۆڤێکی نەخۆشە. مێشکی ئیش ناکات. سێ ژەم دەخوات، لەگەڵ میوە و چا و شیرینی دوای ژەمەکان، عەسران و چێشتەنگاوان.

مرۆڤێکە دایمە داکەوتووە، دواکەوتووە، داهێزراوە، داتەپیوە. مرۆڤێکە تام لە هیچ ناکات لە ژیان، ڕای بۆ هیچ شتێک نییە، بیر و هەستی بە کەڵکی هیچ نایەت. ناخی ڕۆگی، بۆنێکی پیسی لێ دێت. بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت داهێنان بکات. هەناوی زبڵدانە. بە هەزارانی وامان هەیە لە کوردستان.

با هەر یەکێ لە مە، تەماشای کەسانی دەوروبەری خۆی بکات. بۆ نموونە، من تەماشای چینی ڕۆشنبیران و نووسەران دەکەم. زۆربەیان ڕۆگین. دایمە خەریکی ورگیانن. زۆر جار دادەمێنم و دەڵێم، وەڵا داهێنان بەو ورگەستوورانە ناکرێت.

زانینی ژمارەی ڕۆگییەکان ئاسانە. هەر لە شارەکەی خۆت بزانە چەند چێشتخانە و نەخۆشخانە هەن. هەولێر پڕ چێشتخانە و نەخۆشخانەیە. بخۆ و بڕۆ تەواری.

ئەمن تەبیعاتێکم هەیە، هیچ قسەیەک ناکەم، لەسەر خۆم جێبەجێم نەکردبێت. لە ٢٤ سەعاتدا، یەک ژەم دەخۆم. لە هەینی و شەممان، دەیکەم بە ژەم و نیوێک.

لەم ڕۆژگارەدا، دەتوانم هەر دەرەقەتی خۆم بێم. کەسم پێ نایەتە ڕایێ. تاکێکی وەک من، کە ڕۆژێ یەک ژەم دەخوات، ناتوانێت بە تەنیا هیچ شتێک بکات. دەتوانێت داهێنان بکات، بەڵام لەبەر تەم و چڕە دووکەڵی ڕۆگییەکان، داهێنانەکەی دیار نابێت


ڕۆگی و بۆگی چێژ لە داهێنان ناکەن. بێ شک، قەدری داهێنەریش نازانن. پشتگیریشی ناکەن. کەسەرەکە ئەوەیە، ڕۆگی ئیمکانییەتی هەیە و ئەقڵی نییە. یۆگی، ئەقڵی هەیە و ئیمکانییەتی نییە. ئەوە ساڵێکە، کتێبی یەکەمی زنجیرە ڕۆمانێکی وێنەییمان ئامادەیە (ڤینا پێشەنگ چاردە مانگ خەریکی کێشانی وێنەکان بوو)، لە دەرگەی چەندان ڕۆگیم داوە بۆ چاپکردنی، فشەیان پێ دێت.

# کیژەی جامانە

# لە هەولێر براندێکی جلوبەرگی کوردی داهێنا







رێبەند سەعدوڵا

کیژەی جامانە، کە ناوی هودا حەسەنە و تەمەنی ٢٦ ساڵە، بەر لە چوار ساڵ دامەزراندنی براندێکی مۆدێرنی جلوبەرگی کوردی راگەیاند، کە پشت بە تێکستوری جامانە دەبەستێ و لە سرووشتی کوردستانەوە ئیلهام وەردەگرێت.

## کەمپەینێکی زانکۆ دەبێتە هێوێنی (جامانە)

هودا حەسەن کاتێک قوتابیی قۆناغی دووی زانکۆی کوردستان بووە لە هەولێر، بەشداریی لە دیزاینی هەڵمەتێکدا کردووە لەبارەی هاندانی گەنج بۆ بەشداریی دەنگدان و سوودی زۆری لێ بینیوە و بیرکردنەوەی گۆڕیوە، وەک خۆی دەڵێ: ”دوایێ بەخۆم گوت ئەوەی لەو کەمپەینە وەرمگرت، نایەڵم بەخەسار بچێ، ئیتر کە کۆرۆنا پەیدا بوو لۆی دانیشتم“.

بەم شێوەیە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و کەرەنتین لەبری ئەوەی ببنە ڕێگر، بوونە هەلێکی باش بۆ هودا تا پلان بۆ براندەکەی دابنێت، لەوێوە بیرۆکەی (جامانە) سەری هەڵدا، دەستی کرد بە دروستکردنی لۆگۆ و چەند دیزاینێکی جلوبەرگ بە بەکارهێنانی نەخش و تێکستووری جامانە.

## چۆن بیری لە (جامانە) کردەوە؟

هودا لە ژیانی خۆیدا چەند جارێک گەشتی دەرەوەی کوردستانی کردبوو، دەیبینی هەر شارێک بە کۆمەڵێک ئادگار و مۆرک و تایبەتمەندیی خۆی دەناسرێتەوە، بەلایەنی کەمەوە لە هەر شارێکدا دوکانی فرۆشتنی شمەکی تایبەت بەو شارە و دوکانی فرۆشتنی یادگاری (سۆڤینێر-souvenir) هەن، گەشتیار لەگەڵ خۆیاندا ئەو شمەکانە دەکڕن و دەیانبەنەوە وڵاتی خۆیان و هەڵیاندەگرن.

ئەو کیژە هەولێرییە دەشڵێ کاتێک لە زانکۆ بوو خەڵکی بیانی زۆری دەبینی و تێکەڵیان دەبوو، بەڵام جگە لە جلوبەرگی کوردی، هیچ شمەکێکی کوردەواریی شک نەدەبرد کە بشێت بۆ یادگاری و بە دیاری بە کەسێکی بیانی ببەخشێت. بۆیە بیری لەوە کردەوە براندێک بئافرێنێت کە کوردەوارییانە و سادە و مۆدێرنیش بێت، بەم شێوەیە بیرۆکەکەی لە (جامانە)دا کۆ کردەوە.



هودا حەسەن
لە سرووشتی
کوردستانەوە ئیلهام
وەردەگرێت

## پەیامی (جامانە)

کاتێک دیزاینی پارچەیەکی نوێی (جامانە) دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە گوزارشت لە کوردبوونی ئەو کەسە بکات کە دەیپۆشێت، جا بە شێوەی مۆدێرن بێت یان کلاسیک، هەروەها دەیەوێ پارچەیەک بێت کاتێک لە ئاهەنگێکدا دەپۆشرێت، کولتووری کوردی بە شێوەیەکی جیاواز و ئەرێنی پێشان بدات، هودا پێی وایە جلوبەرگی کوردیی کچانە و کوڕانەش ئاسان نییە لە هەموو بۆنەیەکدا بپۆشرێن، بۆیە ئەو هەوڵ دەدات چەند پارچەیەکی کوردیی نوێ دابهێنێت کە پۆشینیان ئاسان و خۆش بێت.

## چیرۆکی (ئاخابانوو)

ساڵ ساڵی ٢٠٢١ـە، ئەو کاتە هودا تەمەنی ٢٣ ساڵە، لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی براندە نوێیەکەی دایە، نەخشی دوورینی چەندین پارچەی ڕەنگاوڕەنگی کوردی لە خەیاڵدا گوزەر دەکەن، لەناکاو بڕیار لەسەر دوورینی یەکەم پارچە دەدات، دیزاینەرێکی هاوڕێی دەدۆزێتەوە و بیرۆکەکەی تێدەگەیەنێ، شتێکی باشی لێ دەردەچێ، هودا دەڵێ ئەگەرچی تەواو بە دڵی نەبوو، بەڵام ئیشەکەیان پێک هێناوە و یەکەم کۆڵێکشنیان بە ناوی (ئاخابانوو) کرد، کە لە جامانە دروست کرا، بریتی بوو لە تەوقە و ئێلەگ و ماسک، ئیتر مایەوە کیژە مۆدێل و وێنەگر بێن، بەم شێوەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕایانگەیاند و دەستیان بە هەڵمەتی فرۆشتنی کرد.

هودا دڵخۆشە بەوەی یەکەم کۆڵێکشنی براندەکەیان بەو ناوە کردووە و دەڵێ بەپێی سەرچاوەکان، ئاخابانوو گوزارشت لە پشتیوانیی پیاوی کورد بۆ ژنی کورد دەکات وەک تەواوکەری یەکتری، ڕەنگی ڕەشی پارچەکە گوزارشت لە ئاغا و ڕەنگی سپییش گوزارشت لە بانوو دەکات کە لەناو نەخشی جامانەکەدا تێکەڵی یەکتر بوون.

## ماسکی جامانە

ماسکی جامانە بەشێک بوو لە کۆڵێکشنی (ئاخابانوو)، لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا برەوێکی گەورەی پەیدا کرد، چەند هەزار دانەیەکی لێ فرۆشرا، خەڵک هەر بەوە نەوەستان لە براندی جامانە بیکڕن، بەڵکو وەک هودا دەیگێڕێتەوە، دەست کرا بە کۆپیکردنی و ژمارەیەکی زۆر لە ماسکی نارەسەنی جامانە لە بازاڕ فرۆشران، کار گەیشتە ئەوەی دیپلۆماتکار و نوێنەرانی وڵاتانیش لەو کۆپیە بکڕن، هودا چەند دڵتەنگ بوو بەوەی کۆپییەکە بە دیزاینێکی ناحەز کرابوو، شێوە ڕەسەنەکەی ماسکی جامانەیان شێواندبوو، هێندەش دڵخۆش بوو پێی، چونکە پێی وابوو ئەو چاولێکەری و کۆپیکردنەوەیە بە مانای سەرکەوتنی براندەکەی دێت، کە زۆر زوو شوێنی خۆی گرتووە

## کۆڵێکشنی جۆڵا

هودا و هاوڕێیەکانی بەردەوام بوون لە دروستکردنی پارچەی نوێی جلوبەرگی (جامانە) و چەند کۆڵێکشنێکی تریان بەرهەم هێنا، لە ناویاندا (جۆڵا)، کە شێوازێکی جیاوازی هەبوو، چونکە لەسەر داوای ڕاستەوخۆی کچان و کوڕان دروستیان دەکرد، ئەو کەسەی (جۆڵا)ی بۆ دەدوورا، لە دیوی ناوەوەی ئێلەگ یان ڤێستەکە ناوی بە کوردی دەنووسرا، (جۆڵا) ڕەنگی ڕەشە، لە دیوی دەرەوە و ناوەوەیدا جامانە بەکار هاتووە، لە قوماشی کر یان شاڵ دروست دەکرا.

## کۆڵێکشنی ژاڵە

ژاڵە، کۆڵێکشنێکی تری جامانەیە، بە ڕەنگە کەسکەکەی و گوڵە پەمبەکەی دەناسرێتەوە، ئەو پارچە قوماشە بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردێت، بەڵام بۆ کورد تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هودا دەیگێڕێتەوە ”ڕۆژەک لەگەر برادەران پیاسەی ناو سرووشتمان کرد، لە جێیەکی عاسێ ئەو گوڵە پەمبەم دیت دەگەشاوە، گەلەک سەرنجڕاکێش و پڕ هیوا بوو، یەکسەر گۆتم دەبی کۆڵێکشنەکی لێ دروستکەم“.

بەم شێوەیە لە ماوەی چوار ساڵدا، جامانە زیاتر لە ١٧ کۆڵێکشنی دروست کردووە، کە هەندێکیان بە هاوبەشی بووە لەگەڵ کەسانی خاوەن بیرۆکە، هودا لەمبارەوە دەڵێ ”جاری وا هەبووە کەسێک بیرۆکەیەکی جوانی هەبووە، ئێمەش لای خۆمانەوە بە هاوبەشی بیرۆکەکەمان وەبەر هێناوە، لەوانەش کۆڵێکشنی (سوپاس)“.

## کاردانەوەکان

هودا باسی کاردانەوەی خەڵک دەکات بۆ بەرهەمەکانی جامانە و بە پێکەنینەوە سەربوردەی ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە کە کۆڵێکشنی ئاخابانوویان لەبەر دوو مۆدێل کردووە و چوونەتە بازاڕی قەیسەریی هەولێر، لەوێ پیرەمێردێک هەڵیداوەتێ ”جەمەدانی لۆ سەر دروست کرایە، ئەنگۆ لۆ لەبەرتان کردیە؟“.

بەڵام هودا دەڵێ بە گشتی کاردانەوەی بەتەمەنەکان ئەرێنی بووە و هەندێکیان زۆر کەیفیان پێ هاتووە، ئەمەش وای لێ کردووە بیر لە دروستکردنی کۆڵێکشنێک بۆ ژن و پیاوی بەتەمەن بکاتەوە و لە بۆنەیەکدا جلوبەرگەکان بە بەشداریی چەند ژن و پیاوێکی بەتەمەن وەک مۆدێل بخاتە ڕوو، دەشڵێ کە هەندێک گەنج بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کاردانەوەیان نەرێنی بووە بۆ بەرهەمەکانی جامانە و پێیان وا بووە کە نابێ ئەرکی جامانە لە داپۆشینی سەری پیاوەوە بگۆڕدرێت بۆ جلوبەرگی پیاوانە یان ژنانە.

بۆ پلانی داهاتووش، بە نیازن بەرهەمەکانی جامانە بگەیەننە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەروەها لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا بەشێوەیەکی بەربڵاوتر بە بازاڕی دەکەن. سەرباری پلانی دانانی بەرهەمەکانیان لەناو فرۆکەخانەکانی کوردستان.

# ناحوم پەیامبەری جووەکان

# موسڵمان و کریستیانەکانیش سەردانی مەزارەکەی دەکەن

هێمن بابان ڕەحیم

گ مەزاری پەیامبەر ناحوم یەکێک لە پەیامبەرانی جوو لە شارۆچکەیەکی کوردستان بووەتە هێمایەک بۆ پێکەوەژیانی ئایین و پێکهاتەکان، مەزارەکە دەکەوێتە شارۆچکەی ئەلقوش کە کریستیان و ئێزدی و شەبەک و عەرەبی موسوڵمان پێکەوە دەژین، ئەو مەزارە بەتەنیا جووەکان سەردانی ناکەن، بەڵکو موسڵمان و کریستیانیش بە پیرۆزی دەزانن.

## نموونەیەک لە تەلارسازی و تابلۆی بە عیبری نووسراو

لەنێو دەیان کەنیسە و دێر و شوێنی پیرۆزی کریستیانەکان، لەپاڵ خاچەکانی عیسای پەیامبەر و لە یەکێک لە کۆڵانەکانی گەڕەکی کۆنی (قاشا) لە باکووری ڕۆژئاوای ناحیەی ئەلقوش گۆڕی یەکێک لە پەیامبەرەکانی خودا هەڵکەوتووە کە بووەتە شوێنێک بۆ سەردانیکردن لەلایەن ڕۆڵەی پێکهاتە و ئاینە جیاوازەکانەوە.

ناحومی پەیامبەر یان ناحومی ئەلقوشی کە خەڵکی ناحییەکە ئەم ناوەی دواییینیان لەلا باشترە بەو پێیە ناوی لەگەڵ ناوی ناوچەکە پێکەوە دەبەسترێتەوە، یەکێکە لەو پەیامبەرانەی ناوی لە کتێبی پیرۆزی کۆن و کتێبە پیرۆزەکانی دیکەدا هاتووە، بەڵام مەزارەکەی بووەتە شوێنی کۆکەرەوەی هەموو ئاین و ئاینزاکان.

ناحیەی ئەلقوش یەکێکە لە ناحیەکانی سەر بە قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک، نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر لەشاری دهۆکەوە دوورە، هەرچەندە دانیشتووانی شارۆچکەکە کریستیانن، بەڵام دەیان گوندی هەیە دانیشتوانەکەی کوردی ئێزیدی و عەرەب و شەبەکن.

دەروازەی مەزارەکە دەرگایەکی بەردینە و ژمارەیەک ئاماژە و وێنەی کۆنی لەسەر نەخشێندراوە، بەردە گەورەکانیش بۆ دروستکردنی زەویی مەزارەکە بەکار هاتوون، هەرچی دەرگا دارینەکانییەتی بە مس و ئاسن نیگاریان لەسەر نەخشێندراوە و تێپەڕینی ڕۆژگار نەیتوانیوە بیانسڕێتەوە.

لە ژوورەوەی باڵەخانەکە و لەسەر دیوارەکانی شەش تابلۆی هەڵواسراو بە زمانی عیبری نەخشێندراو دیمەنێکی تایبەتیان بەخشیوە، لە ناوەڕاستی ژوورەکەشدا گۆڕێکی نزیک بە دوو مەتر درێژ و یەک مەتر بەرین هەیە کە بەرزییەکەی نزیکەی یەک مەتر و نیو دەبێت و چەند چینێک قوماشی سەوزی پێدا دراوە کە بەپێی پرسیارەکانمان ڕەنگی سەوز لەلای جووەکانیش ئاماژەیەکی پیرۆزە و ڕەنگێکی جێبایەخە.

لەبارەی مێژووی مەزارەکەوە، لارا زارا بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقوش بۆ (گڵکەند) گوتی "مەزارەکە بۆ ناحییەکە تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە، لێرە هەموو پێکهاتەکان بەبێ کێشە پێکەوەژیانێکی جوانیان دروست کردووە، کە دەکرێت پەندی لێ وەربگیرێت".

زارا، کشتوکاڵ و هەرەوەزیی ئەلقوش بە سەرەتای دروستبوونی پێکەوەژیان لە دەڤەرەکەی دەزانێت و دەڵێ بەهۆیەوە خەڵک هاریکاریی یەکتریان کردووە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە مەزارەکە ڕۆڵی گەورەی لە ناحیەکە هەیە و بەشێکی گرنگە، بۆیە ڕۆژانە گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی سەردانی دەکەن.

## پەیامبەر و تەورات لە کوردستانن

ناحومی پەیامبەری جووەکان کە حەفتەم پەیامبەرە لەنێو سفرەکانی حەفت پەیامبەرە بچووکەکە لە تەمەندا، لە سەدەی حەفتەمی پێش لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح ژیاوە، ناوەکەی واتە خۆشەویست و ئەو یەکێک لە سفرەکانی کتێبی پیرۆزی کۆنی بۆ دابەزیوە و نووسیویەتیەوە، تێیدا پێشبینی ڕووخانی نەینەوا پایتەختی ئاشوورییەکانی کردووە، ئەوەش بە کردەیی لەسەر دەستی بابلی و میدییەکان لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایین ڕووی دا.

مەزاری پەیامبەر ناحوم لە ساڵی ١٧٩٦ بنیاد نراوە، بە درێژایی مێژوو چەندین جار ڕووبەڕووی کاری تێکدەرانە و پەراوێزخستن بووەتەوە، بەشێک لە باڵەخانەکە ڕووخاوە، بەڵام بە هەوڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٠ نۆژەن کرایەوە و لە ڕووخان ڕزگار کرا.

ڕەنجدەر کۆهین کوردێکی جووە و سەرۆکی ڕێکخراوی ئارامیکە بۆ پەرەپێدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی، بە (گڵکەند)ی گوت "جووەکان پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەی کوردستانیین و بەبێ کێشە هەموو پێکهاتەکان لە کوردستان ئازادن، ئێمە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەین و بەشدار بووین لە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی پێکەوەژیان". ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە بە سەدان شوێن و مەزار و پێگەی جووەکان لە کوردستان ماونەتەوە.

هەروەها سەبارەت بە مەزاری پەیامبەر ناحومیشەوە ڕوونی دەکاتەوە "یەکێکە لە دیارترین شوێن و مەزارەکانی ئێمە کە خەڵکانێکی زۆر لە ئاینە جیاوازەکان سەردانی دەکەن و تەنیا موڵکی جووەکان نییە، بەڵکو موسڵمان و کریستیانەکان و ئاینەکانی دیکەش سەردانی مەزارەکە دەکەن و بە گرنگییەوە لێی دەڕوانن، چونکە هێمای پێکەوەژیانی پێکهاتەکانە".

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بە ڕەخنەوە دەڵێ بەشێک لە شوێنەوار و شوێنە پیرۆزەکان کاتێک نۆژەن دەکرێنەوە هێمای جووەکانیان لەسەر لادەدرێت وەکو ئەستێرەی داود یان نووسین بە زمانی عیبری.

## سەرچاوەیەک بۆ ڕاکێشانی گەشتیار

سەرچاوەکانی جوو، کوردستان بە کۆنترین شوێن و وڵات ناودەبەن کە ئەوانی تێدا ڕاگوێزراونەتەوە لە سەردەمی بابلییەکاندا و ڕەچەڵەکی کوردە جووەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی مەملەکەتی میدیا. ژمارەی کوردانی جوو بەر لە لێوەرگرتنەوەی ناسنامەی باری شارستانی و دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵەکانیان لە ساڵی ١٩٤٨، بە نزیکەی ٥٠ هەزار مەزەندە دەکرێت.

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨ ڕق و کینەیەکی زۆر لە دژی جووەکان لە عێراق دروست بوو، بۆیە بەناچاری ڕوویان کردە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکە، دوای ئەوەی هەڵمەتێکی ڕێکخراو بۆ دەرکردن بەزۆر ناردنیان بۆ ئەو دەوڵەتە دەستیپێکرد.

ڕەنجدەر کۆهین لەبارەی پێکەوە ژیانی ئاین و پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێ "جووەکان لە کوردستان هیچ کێشەیەکیان نەبووە، ئێستاش خەڵک وەکو پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەم وڵاتە تەماشایان دەکەن".

ئەو دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی مەزاری پەیامبەری جووەکان لە ئەلقوش و دەڵێ "ئەم مەزارە بۆ ئێمە گرنگە، چونکە بەشێکی تەورات بەسەر ئەو پەیامبەرەی ئێمەدا دابەزیوە".

سەبارەت بە بوونی مەزارەکەش لەنێو کریستیانەکانی ئەلقوش دەڵێ بەهۆی ئەوەیە کە پێشتر زۆرینەی دانیشتووانی ئەلقوش و ناوچەکانی دەوروبەری جوو بوون، بەڵام دواتر کریستیان و کوردی ئێزیدی و پێکهاتەکانی دیکە چوونە ناوچەکە و جووەکان کەم بوونەوە.

مەزارەکە پێشتر لەلایەن کەسێکەوە پارێزگاری لێ دەکرا بەناوی (نەسیر سامی) ئەو وەکو خۆی باسی دەکات زیاتر لە نیو سەدەیە کلیلی دەرگای مەزارەکەی لەلابوو و دەیپاراست و پاکی دەکردەوە، ئەمەش پێش ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠ نۆژەن بکرێتەوە و بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەکە ئەو کارە بگرێتە ئەستۆ.

لەبارەی گەشتیارانیشەوە ڕوونی دەکاتەوە "بەهۆی ئەوەی یاساکانی عێراق ڕێگە نادەن، بۆیە ژمارەی گەشتیاران بەو پێیە نین کە چاوەڕوان دەکرێت، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕێگە بەگەشتیاری بدرێت و پەیوەندییە کولتوورییەکان ئاسایی بکرێنەوە، ڕۆژانە بە سەدان کەس سەردانی ئەو مەزارە دەکەن، بەتایبەت جووەکانی جیهان، چونکە ئەو بابەتە ڕەهەندی سیاسیی نییە، بەڵکو مەبەست لەو ئاساییکردنەوە تەنیا بۆ ڕێگەپێدان و ئالوگۆڕی گەشتیارییە کە کاریگەریی لەسەر ئابووریی ناوچەکەش دەبێت".

بەپێی زانیارییەکانی (گڵکەند)، مانگانە نزیکەی ١٥٠ گەشتیار سەردانی ئەو مەزارگەیە دەکەن کە بەشێکیان گەشتیاری بیانیین، بەڵام مەزارگەکە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێت وەکو سەدان شوێن و پێگەی فەرامۆشکراوی گرنگ، گرنگیی شوێنەکەش لەلای جووەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی بایەخپێنەدانی.

سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بە پێویستیشی نازانێت دەستێوەردانی سیاسیی لە بابەتی ئاین و پێکهاتەکان بکرێت و دەڵێ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ڕۆڵەی ئاینەکان دەبێت بێتە کایەوە.



گوڵبێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## وەی لەو مەهزەلەیە!

هەر مانگەی بەزمێ
هەر هەفتەی ڕەزمێ
لە بەغدای پایتەختەوە
بۆ ئەم کوردەی برا گچکەیان دادەڕێژن
ئەوڕۆ مودەڕەعە
چووە ناو گوندە کێشە لەسەرەکان
تەیف داوای لیستی تازە دەکات
لە خانەقین
خوێندن بە کوردی وەفاتی کرد
برادەران
زەندەقیان لە هەژماری من چووە
دەیانەوێت
بە تەوتین شاربەدەری کەن
ئەو کوردە دلێرە
ئەو نەوەی پڵنگ و شێرە
هەر بێ ئیش بێت دەچێتە بەغدا
لە جیاتی ئەوەی
بە برا گەورەکانیان بڵێن
کوا وەعد و بەڵێن
کەچی ماستاو سارد دەکەنەوە
تۆمەت بۆ یەکتر دەهۆننەوە
بەغدا
بەغدای ڕەشید و شارستانی
بوویتە دوژمنی مریشکی کوردی
بوویتە ناحەزی گەنمی کوردی
ئەو خەڵکەیان
کردووە بە گاڕان
سەر زار و بن زاریان
بووەتە مەعاش و نان
ئاخر ئەوە کەی مەنتیقە
سەرگەڕان سەر بە تکریت بێت
خەمیس و خەنجەر
لە کوردستان خاوەن عەقارات بن
تەلەفزیۆنی کوردیش
سەرقاڵی ڕێکلامی بەهارات بن
کار وابڕوات
هەرچی ریسە دەبێتەوە خوری
خەلە و خەرمان نامێنن
برادەرانیش
کوندەبۆ ئاسا دەخوێنن
وای لێ دێت
حەشد و ئەمسالەکانی
لەسەر سنوورەکانمان
بمرێنن
جا ئی (قەبیلی ئەکراد)
کەی ڕێک دەکەون
دەنا بە یەکەوە نغرۆ دەبن



وێنە: مەقاڵ قەرەچوغی



# دەرگای زایەری

تەلعەت تاهیر

قەڵاتی هەولێر سێ دەرگای هەبووە، دەرگای گەورە و دەرگای ئەحمەدی..

ناوی دەرگای سێیەمم بیر نەماوە، تەلەفۆنێکم بۆ هاوڕێ و مامۆستام دڵشاد عەبدوڵڵای شاعیر کرد، خۆشبەختانە ئەویش ناوی دەرگای سێیەمی بیر نەهاتەوە.

بە دەرفەتم زانی و وەختی هات دەرگای سێیەمی قەڵات ناو بنێم: دەرگای زایەری، ئەم دەرگایە دەتباتە ناو حەمامی قەڵاتێ و تیایدا خەم و هونەر و هەڵوێست بخووسێن، دەتباتەوە ناو ماڵە تاق پڕ لالەکان و دەتوانی دەستی خەیاڵ درێژ بکەیت و لە چینی بنی بنەوەی ئەو نوێنانەی سەر کانتۆری بووراق وردە دوعای دایکان و وردە عانەی حەڵاڵی باوکەکان دەربهێنی..

دەرگای زایەری، دەرگای بەهرە و متمانەیە، دەرگای پاکەکان و چاکەکانە، دەرگای ئەو کەسانەیە سوهراب گوتەنی: کە گوڵێک دەبینن پێی دەڵێن، خانم.

ببینن ئەو دەرگایە چۆن کات و شوێن دەشێوێنێ: کات دەکاتە شوێن، ئەوە نییە تەمەنی زایەر عەبدوڵڵا بۆتە شوێن و ئەوانەی ڕێزی بەهرە دەگرن تیایدا نیشتەجێن؟

ببینن چۆن شوێن دەکاتە کات: ئەوە نییە تەیراوە شوێنە و بۆتە کات؟ کاتێک کە تام دەبەخشێتە منداڵی و گەنجی و پیریمان..

لە وەفاتی خارە زایەری برا و هاوڕێمدا وێڕای خەمی لە دەستدانی، خەمێکیتر سەری خواردووم

دەڵێن کە مردووێکی تازە دەنێژن، مردووە کۆنەکان دەچنە سەردانی: هەم بۆ بەخێرهاتن و هەمیش بۆ پرسیارکردن لە ئەولاد و خزمەکانیان.

خارە زایەر تازە نێژراوە و خەمی ئەوەمە باوکم بچیتە لای و هەواڵی ئێمەی لێ بپرسێت، تاهیر بچیتە لای زاهیر و بپرسێ: وڵات کوە؟

من ئازیزی خۆم دەناسم و دەزانم خارە زایەر درۆ نازانێت و وەکو خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە..

داخی گرانم، ئیتر بابم لەو دنیا تێدەگا ئەو لافاوی نوحەی لە منداڵیدا فێری دەکردین لەم سەردەمەدا: بەشی پەڕینەوە لە جۆگەلەیەک ناکا!



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

# لە رقی سەدام بووە سەموونفرۆش

**نازم دڵبەند**

گ لە هەر سەردەمێکدا چیرۆکی تاڵ و شیرین هەن، لەو وڵاتەی ئێمەش کە مێژووەکەی تژی دەردەسەریە، ساڵانی هەشتاکان لە سایەی دیکتاتۆری ڕووخاوەوە سەردەمێکی سەخت بوو، ئەوکات خۆحەشاردان و پەیداکردنی نان خەمی رۆژانەی خەڵک بوون، هونەرمەندان نەک بەدەر نەبوون لەو گێژاوە، بەڵکو لە دۆخێکی خراپتریشدا بوون، هەندێکیان روویان لە شاخ کرد و هەندێکیش بۆ پەیداکردنی نان، خۆیان ون کرد.

هونەرمەند عەلی ئەحمەد یەکێک بوو لە قوربانییەکانی ئەو رۆژگارە، کار گەیشتە ئەوەی واز لە هونەر بێنێ و شوێنی لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی نەبێتەوە و نانبڕاو بکرێت.

ئەو بە ناچاری بنە و بارگەی هەڵگرت، سەرەتا دەستی بە سەمون فرۆشتن و دواتر لەناو بازاڕی زێڕینگران لە قەیسەریی هەولێرێ، بەبێ ویستی خۆی، دەستی بە کاری دەلاڵیی زێڕ کرد، رۆژانە بە چەند پارچە زێڕێکەوە دەسوڕایەوە و لەو دوکان بۆ ئەو دوکان، تا بیانفرۆشێ و شتێکی دەستکەوێت بۆ بژێویی خۆی و خێزانەکەی.

هونەرمەند عەلی ئەحمەد سەربوردەی بوونی بە دەلاڵ لەناو بازاڕی زێڕینگرانی هەولێر بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ بەر لەوەی دەست بە دەلاڵیی زێڕ بکا، ئینتیدابی عەسکەری بووە لە سەردەمی شەڕی کەنداو لە نێوان عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) و لە دەزگای سینەما و شانۆ کاری کردووە

ئەوکات بەڕێوەبەری ئەوکاتی سینەما و شانۆ، بەتەنیا بانگی عەلی ئەحمەدی کردووە و داوای لێ کردووە رۆڵ لە فیلمێک بگێڕێ بەناوی (خۆشەویستی لە زەمەنی سەرکەوتندا)، کە بەڕێوەبەرەکە خۆی دەرهێنانی بۆ کردووە.

عەلی ئەحمەد رەتی کردووەتەوە بەبێ خوێندنەوەی سیناریۆی فیلمەکە، بڕیار بدات بەشدار بێت، بەڵام بەڕێوەبەرەکە بە فەرمان پێی گوتووە کە ئەو فیلمە لەسەر سەدام حوسێنە و پێویستە بەشداری بکات، عەلی ئەحمەدیش پێی گوتووە "لەسەر بابی سەدامیش بێت، من ئامادە نیم لەو فیلمەدا رۆڵ بگێڕم". بەڕێوەبەری سینەما و شانۆش پێی گوتووە «ئەو دڕکەت لەبن پێ دەردەینم".

ئێوارەی ئەو رۆژە، عەلی ئەحمەد بۆ پرۆڤەکردن لەسەر شانۆی ناسر و مارمار، کە دوو رۆژ مابوو بۆ نمایشکردنی، چووەتە هۆڵی گەل، بەڵام لە دەرگا بینیویەتی هونەرمەندێکی تری هەولێر رۆڵی ئەو دەگێڕێت، کە ئەوەی بینیوە ویستوویەتی بچێتە دەرەوەی هۆڵەکە، بەڵام بەڕێوەبەری سینەما و شانۆ کە لەناو هۆڵەکە دانیشتبوو، بە تووڕەیی بانگی کردووە و نووسراوێکی پێ داوە، تێیدا بڕیار دەرکراوە کە دەبێ سبەینێ بچێتەوە عەسکەری.

عەلی ئەحمەد سەری لە نووسراوەکە سڕ ماوە، چونکە وەک خۆی دەیگێڕێتەوە بوونەوەی بە سەربازی زۆرەملێ، مانای مردن بووە بۆ ئەو، بۆیە بە تووڕەیی بە بەڕێوەبەری گوتووە «مەحاڵە بچم". بەڕێوەبەری سینەما و شانۆش پێی گوتووە، ئەگەر بەخۆت نەچی، لە دایرەی ئینزیبات شکایەتت ل ێدەکەم و دێن بە زۆر دەتبەن.

ئەو هەڕەشەیەی بەڕێوەبەرەکە بووەتە هۆی زیاتر تووڕەکردنی عەلی ئەحمەد، بۆیە دووبارە وەڵامی داوەتەوە و پێی گوتووە "مادام تۆ شکایەتم لێ دەکەی، لە تۆ کەمتر بم ئەگەر بچم»، نووسراوەکەی دڕاندووە و شوێنەکەی بەجێ هێشتووە.


دوای دەرکردنی لە بەڕێوەبەرایەتیی سینەما و شانۆ، عەلی ئەحمەد بەبێ ئیش ماوەتەوە و سەرچاوەی داهات و بژێویی بڕاوە. ئەو بۆ پەیداکردنی نان، ناچار بووە کەلوپەلیماڵەکەی بفرۆشێ، لەمبارەوە دەڵێ «کار گەیشتە ئەوەی کیتاب و مەکتەبەکەشم بفرۆشمەوە، کاک موئەیەد فەقێ هەمووی لێ کڕیمەوە، ئەو وەختی لۆ کیتابەکانم گریانم هات، هاوسەرەکەم گۆتی ئەو هەموو شتەی مارێت بە تەلەڤزیۆن و سەلاجەوە فرۆشت بەرات لێ نەبوو، لۆ کیتابان دەگرییێ؟ ئەمنیش گۆتم ئاخر ئەو کیتابانە برادەرم بوون».

برسیەتی و بێ پارەیی وای لە عەلی ئەحمەد کرد، سێ ژەم نانخواردنی خێزان و منداڵەکانی بۆ دوو ژەم کەم بکاتەوە! ئەگەرچی ئەو بەردەوام لە چێشتخانە و چایخانە و شوێنەکانی دیکە دەگەڕا بۆ دۆزینەوەی کارێک تا بەسەربەرزی منداڵەکانی بەخێو بکات، بەڵام زۆربەی خاوەن کارەکان وەڵامیان ئەوە بوو، کە ناتوانن وەک شاگرد سەیری هونەرمەندێکی گەورە بکەن و لە بەرامبەردا پێیان دەگوت "تۆ چیت دەوێ ئێمە ئامادەین بتدەینێ!"، بەڵام ئەو رەتی دەکردەوە و دەیویست بە شان و باڵ و ماندووبوونی خۆی بژێوی پەیدا بکات.

دوای گەڕانێکی زۆر، هاورێیەکی عەلی ئەحمەد بەناوی هۆشیار قادر مەکینەچی کۆشکێکی سەمون فرۆشتنی لەلای تەکیەی خەلیفە جەلال (بازاڕی مۆبایلفرۆشانی ئێستا) بۆ دانا، دوای ماوەیەک کارکردن لەو کۆشکە، برادەرێکی زێڕینگری بەناوی تاریق مەلاگە پێی گوتووە سەمون فرۆشتن کاری تۆ نییە و وەرە ناو زێڕینگران.

وەک عەلی ئەحمەد دەیگێڕێتەوە، تاریق مەلاگە بردوویەتیە لای سەرۆکی سەندیکای زێڕینگران و کەفالەتی دوو ملیۆن دیناری ئەوکاتی کردووە، تا بتوانێ لەناو بازاڕی زێڕینگران وەک دەلاڵی زێڕ، کار بکات.

دوای رازیبوونی سەرۆکی سەندیکای زێڕینگران، عەلی ئەحمەد بووە بە (دەلاڵی زێڕ) و باری دارایی بەرەو باشی چوو، تا ساڵی ١٩٩٦یش خەریکی ئەو کارە بووە. ئێستاش شانازیی زۆر بەو کارەوە دەکات، چونکە بژێویی خێزانەکەی باشتر کردووە، بەم هۆیەشەوە بووە کە نەچووەتە ژێر باری فەرمانی بەڕێوەبەری ئەوکاتی سینەما و شانۆ بۆ رۆڵگێڕان لە فیلمێک، کە سەرلەبەری فیلمەکە لەبارەی پیرۆزکردنی سەدام حوسێنی لەسێدارەدراو بووە.



ئوسامە جەمیل

# مێژووی هونەر لە هەولێرێ

ساڵی ١٩٣٩ کامل کاکەمین، کە کارمەند بووە لە ئێسگەی بەغدایێ، پاشان بوویتە بەڕێوەبەری ئێسگەی کوردی، دێتە شاری هەولێرێ و داوا لە هونەرمەندانی هەولێرێ دەکا بچنە بەغدایێ و گۆرانی تۆمار بکەن، تەنها حەسەن خوچێ (دەرار) دەچی و دوو گۆرانی لەسەر هەوا دەرێ، واتە بێ تۆمارکردن، ئەوانی دیکە ئامادە نەبوون بچن، چونکە دەترسان بە موتریب و چاوەش بانگیان بکەن، پاشان لە ناوەڕاستی چلەکان کۆمەرە هونەرمەندەکی شاری هەولێرێ چووبوونە بەغدایێ و لەوێ لە ئێسگەی ڕاستەوخۆ گۆرانی و حەیران و مەقاماتیان گۆتیە، بە تایبەتی تاهیر تۆفیق (١٩٢٢-١٩٨٧) و ڕەسول بێزار گەردی (١٩٢٢-١٩٩٤)، ئەوەی دواییان زیاتر وەکی حەیرانبێژەک دەرکەت و یەکەم کەس بوو لە ئێسگەی بەغدایێ حەیرانی تۆمار کردیە و ئامێری ڕەبابە و سەنتوریشی بەکارهێنایە لە کاتی گۆرانی گوتندا، لۆیێ بە پاشای یان میری حەیرانی کوردی ناوی دەردەکا، هەرچی تاهیر تۆفیق بوو زیاتر بە گوتنی مەقامات ناسرابوو، چونکە شاری کۆیێ پێگەیەکی گرنگی لە گوتنی مەقاماتدا هەیە.

ساری ١٩٥٣ عەبدوللەتیف چەقماقچی و وەستا پیربار لۆ یەکەم جار ئامێری تۆمارکردنی دەنگییان هینا هەولێرێ، عەبدوللەتیف لە ساری ١٩٥٠ یەکەم تۆمارگای لە هەولێرێ بەناوی: تۆمارگای عەبدوللەتیف چەقماقچی دانا، دەیان گۆرانی و حەیران و لاوکی لۆ هونەرمەندان: محەمەد عارف جەزیری، ڕەسوڵ گەردی، عیسا بەرواری، تەحسین تەها، فوئاد ئەحمەد، عوسمان حەیران، حەسەن حەیران، محەمد ئۆمەراوەیی، مشکۆ، محەمەد ئەربیلی، جەلال حەردان (برای محەمەد ئەربیلی) و یونس مەحمود لەسەر بەکرە تۆمار کردبوو

گۆرانی کوردی لۆ یەکەم جار بەشێوەی نوێ و سەردەمیانە لە ناوەڕاستی پەنجاکان دەرکەتیە، کاتەک هۆمەر دزەیی (لەدایکبووی ١٩٣٦) لە ساری ١٩٥٤ گۆرانییەکی لۆ ئێسگەی بەغدایێ تۆمار کرد، لە ساری ١٩٥٥یش فوئاد ئەحمەد (١٩٣٢-٢٠٠٤) گۆرانی (ئەمیرەکەم)ی تۆمار کرد، پاشان سروودێکی لۆ نەورۆزێ تۆمار کردبوو، دوای ئەوە لە ساری ١٩٥٩ کۆمەرەک گۆرانیبێژی دیکەی شاری هەولێرێ چوونە ئێسگەی بەغدایێ و گۆرانییان تۆمار کرد، لەوانە حاجی فائیق محەمەد سوڵتانی بازرگان، محەمەد ئەحمەد ئەربیللی (١٩٣٣-٢٠٢٢)، یونس خەتات و محەمەد عاشق.

لە پەنجاکان گۆرانیبێژی کوردستانی ئێرانێ حەسەن زیرەک هاتیتە شاری هەولێرێ و لە قەراتێ مێوانی سەعیدئاغای سەید عومەرئاغای سەید ئەحمەد دەبی و ماوەکی لەکنەوی دەمێنێتەوە و سەرپەرشتی کاروباری کشتوکاڵی ئەو ئاغایەی دەکات، لە ناوەڕاستی شێستەکانیش جارەکی دیکە دێتەوە و ماوەکی لەکن شێخ لەتیفی دەمێنێتەوە و هەر لە ماری وان، کاسێتەکی گۆرانی تۆمار دەکات و ئەو کاسێتە تا ئێستاش لە ماری شێخ لەتیفیە و براو نەکرایتەوە، لە کاسێتەکی دی، کە قسە لۆ فۆتۆگرافەر ئەبو سەباح دەکات، زیرەک دەرێ: «بە قۆڵبەستراوی منیان هێنایە هەولێر و ماوەیەک لەوێ گیرام».

## لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێرەوە

# نامەی دەستلەکارکێشانەوەی مەم و پەشێو

### بەشی یەکەم

**نازم دڵبەند**

گ

به درێژایی ئەو ساڵانەی کاری ڕۆژنامەنووسیی دەکەم، سۆراغکردنی پرۆژەی بەڵگەنامە و ئەرشیف و وێنە دەگمەنەکان لە کارە لەپێشینەکانم بووە، بۆ ئەمجارەی لاپەڕەی بەڵگەنامەکان، کەسایەتیی هەولێر و کەسایەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مامۆستای ڕەوانشاد چیرۆکنووس محەمەد مەولوود مەم هەڵدەدەینەوە و ماهیەتی دڵسۆزی ئەم کەڵە نووسەرە و ئەو فەرمانبەرە پایەدارەتان بۆ دەخەینەڕوو، کە چەند لە خەمی نووسین و ئەدەبدا بووە، ئەوەندەش لە خەمی پاراستنی بەڵگەنامەکانی فەرمانگەکەی (فەرمانگەی شارەوانیی هەولێر)دا بووە لە کاتی ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، بۆتان دەردەکەوێ ئەم پیاوە چەند بە دڵسۆزییەوە بەڵگەنامەکانی لە لەناوچوون ڕزگار کردووە.


(مەم)ی چیرۆکنووس لە (١٩٢٧/٢/٢٣) لە شارۆچکەی (شەقڵاوە) لەدایک بووە و لە (١٩٨٧/٥/٧) ماڵئاوایی کردووە، لە هەولێر خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە، لە سەرەتای (١٩٦٩)وە بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی هەولێر بووە، دواتر گوازراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر و لە پاڵ کاری فەرمانبەریەتی، سەرنووسەری گۆڤاری (هەولێر) بووە، کە بە ناوی شاری هەولێرەوە دەردەچوو.

ئەو کە ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد بوو، لە سەرەتای ساڵانی چلەکاندا بە شیعرنووسین دەستی پێکرد، دواتر ئەم ڕێچکەیە دەگۆڕێ و دەچێتە ناو جیهانی نووسینی چیرۆک و ڕۆمان و لە پەنجاکاندا یەکەم چیرۆکی خۆی بەناوی (پەنجا فلس)ی نووسی، دەکرێ بڵێین یەکەم چیرۆکنووسی کورد بوو (گرێ)ی لە چیرۆکی کوردیدا بەکار هێنا، مامۆستا (مەم) لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوێ ڕۆژێ چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤارەکانی هیوا، بڵێسە، شەفەق و دەفتەری کوردەواری، بەرهەمە چاپکراوەکانیشی بریتیین لە بەرگی یەکەمی چیرۆکەکانی مەم لە ساڵی ١٩٧٠، بەرگی دووەمی چیرۆکەکانی مەم، گوڵەبەڕۆژە کە کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانەیە لەگەڵ ئافەرین خانی هاوسەری پێکەوە نووسیویانە. هەروەها نۆڤڵێتی پایزە خەون، ڕۆمانی ڕێگا، کاروان و سەگوەڕ و نامەکانی مەم.

جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەم بەڵگەنامانە بە هاوکاریی مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر و بە تایبەتییش کاک ئومێد بەرزنجی بەڕێوەبەری مۆزەخانەکە ڕۆشنایی دەبینن.



محەمەد مەولوود مەم و عەبدوڵڵا پەشێو



بەڕێز دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر -


سڵاوێکی گەرمی برایانە

محمد مولود
(مەم)

١٩٧٢
١٢/١١

عبدالله پەشێو


نامەی دەستلەکاکێشانەوەی مەم و عەبدوڵڵا پەشێو



UNION OF THE KURDISH WRITERS
Baghdad - Sadoon 50-2-1
Tel. 63897
No.:
Date:

اتحاد الأدباء الأكراد
بغداد - السعدون ٥٠/٢/١
تل: ٦٣٨٩٧
العدد: /٢٦
التاريخ: ١٩٧٢/٤/٤

نووسراوی ڕەزامەندی بۆ دەستلەکارکێشانەوەی محەمەد مەولوود مەم و عەبدولڵا پەشێو



نووسراوی وەرگرتنی مۆڵەتی گۆڤاری هەولێر



دانیشتووەکان: محەمەدەمین ئۆسمان، مەم و هێمن. ڕاوەستاوەکان: سەعدوڵا پەرۆش و سەردار چاوشین




یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەولێر لە شارەوانیی هەولێر

## ”دامەزراوەیەك لە هەولێر ڕابگەیەندرێت بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان“

# ئیسماعیل بەگی ڕواندز بەری 100 ساڵ داوای سەربەخۆیی کردووە

**دوین ئاریان**

گ مێژووی ڕواندز تژی کەسایەتیی سیاسی، ڕۆشنبیری و هونەرییە، ئیسماعیل بەگ ڕواندزی یەکێکە لەوانەی ڕۆڵی گەورەیان لە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردستان و عێراقیشدا گێڕاوە.

ئەو ساڵی ١٨٩٥ لە ڕواندز لەدایک بووە. کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەبدوڵڵا پاشای کوڕی بەکر بەگە. هێشتا تەمەنی بچووک بووە، باوکی کوژراوە و لەعلی خانی دایکی کە ئەویش لە بەگزادەکانی ناوچەکە بووە، پەروەردەی کردووە و گرنگی بە خوێندنی داوە.

ئەو جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، فارسی و فەرەنسیشی زانیوە، لە ساڵی ١٩١٩ ئینگلیزەکان وەک حاکمی ڕواندز دەستنیشانیان کردووە.

ئەو کەسایەتییە باڵایەی ڕواندز، یەکەم کورد بوو لە دوو خولی سەرەتایی پەرلەمانی عێراق ئەندام بووە و ئەوکات، لە سەرەتای سەدەی بیستەم داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی کردووە.

ئیسماعیل بەگ یەکەم ئۆتۆمبێلی بردووەتە ڕواندز و کەسێکی خوێندەوار و دۆستی کتێب و زانیاری بووە، کتێبخانەیەکی گەورەی لە دیوەخانەکەیدا هەبووە و لە یەکەم شانۆگەری بە ناوی شانۆگەریی نیرۆن لە ڕواندز، ئامادە بووە.

یاسین ئیبراهیم، نووسەر و توێژەری مێژوویی و خەڵکی ڕواندز، لە توێژینەوەیەکدا ئاماژە بە کارامەیی و لێهاتوویی ئیسماعیل بەگی ڕواندز دەکات و دەڵێ: ”ئەو لە قوتابخانەی ڕوشدییە لە ڕواندز خوێندوویەتی. کاتێ ئینگلیزەکان ڕواندزیان داگیر کردووە، بەهۆی لێهاتووییەکەیەوە، ئەویان لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا کردووەتە حاکمی ناوچەکە و نوێنەری خۆیان“.

دوای دامەزراندنی پەرلەمان لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٥، ئیسماعیل بەگی ڕواندز وەک نوێنەری هەولێر، بووەتە ئەندامی پەرلەمان و ڕۆڵێکی کوردانەی باشی گێڕاوە. لە ساڵی ١٩٢٦ یاداشتێکی داوەتە حکوومەتی ئەوکاتی عێراق و تێیدا داوای کردنەوەی یانەیەکی هۆشیاری بۆ بڵاوکردنەوە و وەشان بە زمانی کوردی، کردووە.

ئیسماعیل بەگی ڕواندز لە یاداشتەکەیدا، جگە لە برەودان بە زمانی کوردی، ئەم داواکارییانەی هەبوو:

- مافی کورد لەبەرچاو بگیرێت
- دانانی دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان کە بارەگاکەی لە هەولێر یان کەرکووک بێت، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا لە ڕێگەی مەندووبی سامیی بەریتانییەوە بێت.

هەر لە یەکەم خولی پەرلەمانی عێراق، ئیسماعیل بەگ داوای لە پەرلەمان کردووە کار بۆ نەهێشتنی جیاکاری لە نێوان لیواکانی عێراق و لیواکانی کوردستان (پارێزگاکان) بکەن. ئەو بەردەوام هەوڵی بۆ بەدیهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد داوە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، دوای کردنەوەی خوێندن بە زمانی کوردی، کەسایەتی و ئاغا و بەگزادەکانی ناوچەکە لە دیوەخانی ئیسماعیل بەگ کۆبوونەتەوە و بە نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق، سوپاسگوزاریی خۆیان نیشان داوە.



■ ”دەبێ ڕۆژێك دابێ کوردستان وەك سویسرای لێ بێت“

ئیسماعیل بەگی ڕواندز لە ساڵی ١٩٢٨یش وەک نوێنەری ڕواندز بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراوەتەوە و لەگەڵ ئەندامە کوردەکانی دیکەی پەرلەمان، بەردەوام هەوڵیان بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان بەتایبەت مافی خوێندن بە زمانی کوردی، کردووەتەوە.

ئارچیباڵد هامیلتۆن (١٨٩٨-١٩٧٢)، کە ئەندازیارێکی ئیوزیلەندی بوو و ڕێگای بەستنەوەی باشووری کوردستانی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دروست کرد، لە یاداشتەکانی خۆیدا بەم شێوەیە باسی ئیسماعیل بەگی کردووە:

”ئیسماعیل بەگ هەردەم بە ئاواتی پێشکەوتن و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لەلای ئێمە دەیگوت دەبێ ڕۆژێک دابێ کوردستان وەک سویسرای لێ بێت! هەروەها لەو بیر و باوەڕەدا بوو، بەکردنەوەی ڕێگای گەلی عەلی بەگ ئاواتەکەی دێتە دی، هەردەم دەستی یارمەتی بۆمان درێژ دەکرد و هانی دەداین تا پڕۆژەکانمان سەرکەوتوو بێت“.

ئەو بەگزادەیەی ڕواندز، هەر بۆ چەسپاندنی مافە مرۆیی و سیاسییەکانی گەلی کوردستان، بووەتە ئەندامی پارت و کۆمەڵە کوردستانییەکانی وەک (ئازادیی کوردستان) و (خۆیبوون) و لەسەر ئاستی عێراقیش بووەتە ئەندامی (پارتی پێشکەوتن)، کە پارتێکی عێراقی بووە و عەبدولموحسین سەعدون سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (١٩٢٢) دایمەزراندبوو.


ڕەنگین ئیبراهیم موستەفا، توێژەر و نووسەر لە سۆران، لە توێژینەوەیەکدا پێی وایە ئینگلیزەکان بەهۆی ناوداریی بنەماڵەکەی، زمانزانی و دانایی خۆیەوە، ئیسماعیل بەگیان وەک نوێنەری خۆیان کردە حاکمی ئینگلیز لە ڕواندز.

ئیسماعیل بەگی ڕواندز بەردەوام جەختی لە یەکڕیزی و تەبایی کورد کردووەتەوە و بە هۆکاری پێشکەوتن و سەربەخۆیی زانیوە. هەر ئەو ناتەباییەش (ناکۆکییە ناوخۆییەکان) بووە هۆی کوژرانی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٣ لە نێوان هەولێر و ڕواندز و تەرمەکەشی لە ڕواندز بەخاک سپێردرا.

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان، لەعلی خان دوای کوژرانی ئیسماعیل بەگی تاقە کوڕی، نەیهێشت دیوەخانەکەی کە لە کۆشکێکی گەورەی ڕواندز بوو، بکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو دیوەخانە پێشتر جێی کۆبوونەوە و دانیشتنی گەورەپیاوانی سەردەمی خۆی بوو.



ئیسماعیل بەگ وەک نوێنەری بەریتانیا لە عێراق لەگەڵ فرانسیس هەمفریس دیپلۆماتکاری بەریتانی. ساڵی ١٩٢٩بۆ ١٩٣٢، حوزنی موکریانی . ڕواندز.



HIS EXCELLENCY THE HIGH COMMISSIONER FOR IRAQ
BAGHDAD

ON THE OCCASION OF YOUR EXCELLENCY'S DEPARTURE FOR LONDON IN RESPECT OF THE IRAQ TREATY CONFERENCE I ON BEHALF OF THE KURDS HAVE THE HONOUR OF INVITING YOUR EXCELLENCY'S ATTENTION IN THE MATTER OF THE KURDISH QUESTION

ISMAIL ROWANDUZI
EX M.P. OF ARBIL

5th July, 1930.

نامەیەکی ئیسماعیل بەگی ڕواندز کە ڕۆژی ١٩٣٠/٧/٥ نووسراوە



ئیسماعیل بەگ و سەید تەهای شەمزینی و نوێنەری ئینگلیز

# لەفافەکەی حەسەن کەردز دەزگا ئەمنییەکانی عێراق سەرقاڵ دەکات


**د. سنوور سدیق**


بەپێی ژمارەیەک بەڵگەنامەی ئەمنیی عێراقی کە دەست (گڵکەند) کەوتوون، لە شێستەکانی سەدەی رابردوودا پیاوێک هەبووە بە ناوی حەسەن خدر کە بە حەسەن کەردز ناسراوە، خەڵکی سنووری قەزای مەخموور بووە لە لیوای هەولێر، بەهۆی ئەوەی چەند حەب و دەرمان و لەفافێکی برینپێچی پێ بووە، دەستگیر کراوە و دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکاتی عێراقی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.


فەرمانگەی ئەمنیی ئەوسای عێراق کە لەلایەن ئەنجوومەنی سیادەی ئەو وڵاتەوە بەڕێوە براوە، ڕۆژی ٦، ١٢، ١٩٦٢ نووسراوێکی نهێنی بۆ موتەسەریفییەتی لیوای هەولێر (پارێزگای ئێستای هەولێر) ناردووە و تێیدا دەستگیرکردنی هاووڵاتییەکی کوردی بەناوی حەسەن خدر ڕاگەیاندووە، کە لە لایەن کارمەندێکی دەزگای ئەمنییەوە لەناو شەمەندەفەر لە هەولێر دەستگیر کراوە.

دەزگا ئەمنییەکانی عێراق وەک ئەوەی تاوانبارێکی مەترسیداریان دەستگیر کردبێت، وێنەیەک لە نووسراوەکەیان بۆ فەرمانگەی ئەمنیی کەرکووک، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، فەرماندەی بنکەی هەواڵگریی هەولێر و پۆلیسی هێڵی شەمەندەفەریش ناردووە.

هاوشێوەی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی تری عێراق، ڕژێمی ئەوکاتی ئەو وڵاتەش بەردەوام بە تۆمەتی بێبنەما و نایاسایی، هەوڵی دەستگیرکردن و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی تاکی کوردی داوە. حەسەن خدریش بەهۆی ئەوەی چەند بەستە حەب و لەفافێکی برینپێچی پێ بووە، دەستگیر کراوە و لێکۆڵینەوەی ورد و توندی لەگەڵ کراوە.







ئەو دەرمان و کەلوپەلە پزیشکییانەی حەسەن خدر بەهۆیانەوە دەستگیر کراوە، لەلایەن پۆلیسی هێڵی شەمەندەفەری هەولێر بە ئیمزای لێکۆڵەرێکی پۆلیس، پۆلیسێکی ئێشکگر، سەربازێکی ڕێکاریی پۆلیس و نووسەرێک تۆمار کراون و خراوەتە ناو فایلەکان، بریتی بوون لە (سێ لەفافی خاوێنکردنەوەی برین، دوو بەستە لۆکەی برین خاوێنکردنەوە، ٢٦ لەفافی برینپێچانەوە، سێ دەرمانی خاوێنکردنەوەی برین، یەک دەنکە حەبی گەدە، هەشت دەرزی، یەک سرنج، یەک کارتۆنی بچوک حەب، یەک دەستە حەب، جامێک بۆ شووشتنی برین لەناوی و دوو بەتانی).

لە نووسراوێکی دیکەدا، پۆلیسی هێڵی شەمەندەفەر لە کەرکووک وەڵامی نووسراوەکەی دەزگای ئەمنیی هەولێری داوەتەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە بەدواداچوونەکانیاندا دەرکەوتووە، لەسەر بالیفێکی حەسەن خدر دەستەواژەی (بژی کوردستان) نووسراوە و ئەوان لەو باوەڕە دان، تۆمەتبار هەوڵی داوە دەرمان و کەلوپەلە پزیشکییەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ببات لە سنووری مەخموور، کە ئەوان بە (متمرد- هەڵگەڕاوە) ئاماژەیان پێ کردوون.

نووسراوێکی دیکەی دەزگای ئەمنیی هەولێر کە بۆ دەزگای ئەمنیی کەرکووکی ناردووە، ئاماژە بەوە دەکات حەسەن خدر لەناو شەمەندەفەری ژمارە ٥٣ لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر چووە و دەرمانەکانی بەبێ هیچ نووسراوێکی پزیشکی لە بەغداوە هێناوە.

حەسەن خدر وەک لە نووسراوەکەدا ئاماژەی پێ کراوە، لە لێکۆڵینەوەکاندا گوتوویەتی ئەو چەند نەخۆشییەکی هەیە، ئەو دەرمان و برینپێچانەی بۆ خۆی کڕیوە. بەڵام حاکمی لێکۆڵەری هەولێر بڕیاری ڕاگرتنی حەسەن خدری داوە تا ئەو کاتەی لایەنی تەندروستیی هەولێر بە نووسراو ئاگاداریان دەکەنەوە کە ئاخۆ دەرمان و کەلوپەلەکان حکومیین یان نا.

دەستگیرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە لە کاتێکدا بووە، کە عێراق لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوە سەرۆکایەتی دەکرا، کە بە کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی ١٩٥٨ کۆتایی بە ڕژێمی شاهانە لەو وڵاتە هێنا و سیستەمی حوکمی عێراقی کردە کۆماری. هەروەها شۆڕشی ئەیلوولیش نزیکەی ساڵێک و سێ مانگ بوو لە دژی ڕژێمی عێراق و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان، هەڵگیرسابوو.



کۆبوونەوەیەک لە تەمووزی ١٩٢٩ لە هەولێر ئەنجام درا، تیایدا کاپتن لاین ئەفسەری سیاسیی هەولێر ڕاسپێردرابوو بۆ ئەوەی داوا لە کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە بکات دەنگ بە شا فەیسەڵ بدەن

ئەمەش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئیدارەی بەریتانیا بوو بۆ ڕازیکردن و لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە هەڵوێستی دانیشتوان.

لەم وێنەیەی کۆبوونەوەکەدا هەریەک لە میرانی قادر بەگ، عەلی ئاغا، مەلائەفەندی، مەندوبی سامی، مەجید یەعقوبی موتەسەریفی هەولێر، خێزانی مەندوبی سامی، ئەحمەد موختار ئەفەندی قازی هەولێر و جەمیل ئاغای حەوێزی قایمقامی کۆیە دەردەکەون.

ئامادەکردنی: میران خانەقا

# 100 ساڵە مزگەوتی شێخی چۆلی نانی هەژاران دەدات

گڵکەند

یەک لە دیارترین مزگەوتە مێژووییەکانی شاری هەولێر، مزگەوتی شێخی چۆلییە، کە دەکەوێتە ناو جەرگەی بازاڕ و ساڵی ١٨٨٣ لەلایەن شێخ محەمەدی چۆلی و خەلیفە و موریدەکانیەوە دروست کراوە و ماوەی ١٠٠ ساڵە لەو مزگەوتەدا خواردن بۆ ڕێبواران دروست دەکرێت.

لەو مزگەوتەدا کە دواجار ساڵی ١٩٧٤ نۆژەن کراوەتەوە، جگە لە وتاری هەینی و نوێژی بە کۆمەڵ، ڕۆژانە خواردنی ژەمی نیوەڕۆ بۆ ١٥٠ تا ٢٠٠ کەس ئامادە دەکرێت.

ئەو کەسانەی نیوەڕۆیان لەم مزگەوتەدا نان دەخۆن، خەڵکی کەمدەرامەت و ڕێبوار و کاسبکارانی شارن، بەم شێوەیە بەشێکی مزگەوتەکە بووەتە خواردنگەیەک بۆ هەژاران.

نەبەز ئیسماعیل بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر، باسی مێژووی ئەو مزگەوتەی بۆ (گڵکەند) کرد و گوتی «شێخی چۆلی بەر لە ١٤١ ساڵ دروست کراوە، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر سەرپەرشتیی دەکات، مزگەوتەکە یەکێک لە شانازییەکانی هەولێرە، زیاتر لە ١٠٠ ساڵە هەموو ژەمێکی نیوەڕۆ خواردن بە خۆڕایی بە خەڵک دەدات، لە نێو مزگەوتەکە ناندینێکی گەورە دروست کراوە، حەفت ژن و پێنج پیاو خواردنەکە ئامادە دەکەن».

دەشڵێ سەرجەم کارمەندەکان فەرمانبەری گرێبەستن لە ئەوقافی هەولێر، هەروەها کۆگایەکی گەورەشی تایبەت بە ئازوقە هەیە، ڕۆژانە لەو مزگەوتە بەر لە بانگی نیوەڕۆ دەست بە پێدانی خواردن دەکرێت و لە لایەکی مزگەوتەکە، شوێنێک تایبەت کراوە بۆ نان خواردن.

لەبارەی سەرچاوەی دارایی مزگەوتەکەوە بۆ دابینکردنی ئازوقەی پێویست، نەبەز ئیسماعیل ئاماژەی بە کرێی موڵکەکانی مزگەوتەکە کرد و گوتی، داهاتی مانگانەی گەراج و دوکانە وەقفکراوەکانی مزگەوتەکە بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست و ئازوقە خەرج دەکرێت.

هەروەها باسی لە ڕۆڵی کەسانی خواپێداو و خێرخوازی هەولێر کرد، کە خەڵکێکی زۆر هاوکاری ماددی مزگەوتەکە دەکەن و بەشدارن لەو کارە خێرخوازییە.

بەڕێوەبەری ئەوقافی هەولێر باسی جۆر و خشتەی خواردنی مزگەوتەکە دەکات کە بریتییە لە برنج و گۆشتی سوور و گۆشتی مریشک و شلە. ڕۆژانە حەفت سەر ئاژەڵ و نزیکەی ١٢٠ کلیۆگرام برنج بۆ ژەمی نیوەڕۆ بەکار دەهێنرێت

بەپێی قسەکانی نەبەز ئیسماعیل، بیرۆکەی پێدانی خواردن لە مزگەوتەکە بۆ شێخ محەمەدی چۆلی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوان بەر لە دروستکردنی مزگەوتەکە خاوەن دیوەخان بوون، ڕۆژانە میوان و ڕێبواران لە ماڵی ئەوان نانیان خواردووە.

جێی باسە ئەو کەسانەی لە مزگەوتەکە نان دەخۆن، مەرج نییە ئیماندار یان موسڵمان بن، بەڵکو هەر کەسێک ڕووی لەوێ بکات، ژەمی نیوەڕۆی پێدەدرێت و خزمەتی دەکەن.





وێنەکان: عومەر عەبدولڕەزاق

# پەست چۆن گەیشتە هەولێر و کێی بەناوبانگ کرد؟

محەمەد سەعید کوردە

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٤٤دا ئۆتۆمبیلێکی قەبارە گەورە پەیدا بوو، کە شانسیەکەی ئاسن و لەشولارەکەشی لە دار دروستکرابوو، پێیان دەگوت (پەست)، خەڵکی شار و لادێ سوودی زۆریان لێ بینی.

پیاوە بەتەمەنەکان دەڵێن ئەو ئۆتۆمبێلە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو گەیشتووەتە هەولێر و ڕەفعەت قەزوان هەر زوو ناوبانگی پێ پەیدا کردووە، تا ساڵانی حەفتاکانیش ئەو ئۆتۆمبێلە لە هەولێر دەبیندرا.

مام خەلیفە حەمەدەمین شۆفێرێکی کۆنی لۆریی بارهەڵگرە لە هەولێر، لە بیریەتی کە یونس حەداد لە گەراجی جەلال خەلیل ئیشی لە ئۆتۆمبێلی پەست دەکرد، پەستەکان بە زۆری لە جۆری شۆفرلێت و فۆرد و جەی ئێم سی بوون، هەر نەفەرێکیان بە دوو درهەم سوار دەکرد. سابیر ساڵح، سابیر عەدۆ، یونس مەحمود، محەمەد مەردان، شێخیل عومەرە فەندی و عەبدوڵڵا پنیۆن لە شۆفێرە دیارەکانی ئەو پەستانە بوون لە هەولێر.



هێڵەکانی ناوخۆی شار لە نێوان پەستەکان دابەش کرابوون، بە جۆرێک پەستی عەولا مەرەگە لە خەتی مەخموور/دووسەرە ئیشی دەکرد. پەستی مام سەلام لە خەتی دیبەگە. پەستی مام نادر لە خەتی سمایلاوە و پەستی محەمەد سوورکە و تۆفیق نادریش لە خەتی قورشاغلو ئیشیان دەکرد. هەروەها پەستی مام فەتەلی لە خەتی عەوێنە و شێخ شێروان و گردعازەبان ئیشی دەکرد. لە ناو پەستەکەدا ڕیزی پێشەوە بۆ کەسانی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بوو، ڕیزی دواوەش بۆ خەڵکی عەوام و ئاسایی بوو، کەچی سەقفی سەرەوە تایبەت بوو بە ئاژەڵ و مەڕ و ماڵات.

ئەو پەستانە سەرەتا لە شارەکانی باشووری عێراق هەبوون، بە تایبەتی لە نەجەف، کە پەستی بچووکیان لێ دروست دەکرد، پێی دەگوترا دەک نەجەف، ئێستا ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانە نەماون، بەڵام یادگاریی زیندوویان لەبیر و هزری خەڵکدا بەجێ هێشتووە.

# چوار یاریزانی هەولێر بە ناوی کوردستان دەچنە پاڵەوانییەتی کینگ بۆکسینگی جیهان







هێمن ئەسکەندەر

گ ناوەڕاستی ئەم مانگە (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤) لە شاری یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا پاڵەوانییەتی کینگ بۆکسینگی جیهانی، بە بەشداریی چوار یاریزانی هەولێر بەڕێوەدەچێت، کە بە ناوی کوردستان بەشدارییان کردووە.

هەر چوار یاریزانە کوردەکە ماوەی زیاتر لە سێ مانگە ئامادەکاریی دەکەن و بە ئامانجی بەدەسهێنانی پلەکانی یەکەم و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دەکەنە یەریڤان، لەوێ ڕووبەڕووی یاریزانانی شەش وڵات لە چەند ئاستێکی جیاواز دەبنەوە.

زەردەشت هێرش و زانیاری هێرش دوو برای پاڵەوانی یاریی کینگ بۆکسینگن لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا، هاوشانی دلۆڤان دڵشاد و بەڵێن ناسیح وەک تیپی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی کۆبۆوە بانگهێشت کراون.

زەردەشت هێرش کە ماوەی هەشت ساڵە یاری کینگ بۆکسێنگ دەکات و چەندین میدالیا و پشتێنی زێڕی لەو یارییەدا بەدەست هێناوە، چوار جار پاڵەوانیی عێراق و جارێک پاڵەوانی ئاسیا بووە، بۆ (گڵکەند) باسی ئامادەکارییەکانی بۆ پاڵەوانیەتییەکە کرد و گوتی یاری کینگ بۆکسینگ چەند ستایلێکی هەیە، بەڵام ئەوان هەر چوار یاریزان لە ستایلی (کەی وەن) بەشداری دەکەن و متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە کە بتوانن ئاڵای کوردستان لە وڵاتی ئەرمینیا بەرز بکەنەوە و بە میدالیای زێڕەوە بگەڕێنەوە هەولێر.

جێی باسە یاریزانانی وڵاتانی ئەرمینیا، بەلجیکا، ڕووسیا، ئێران، تورکیا، کوردستان و عێراق بەشداری پاڵەوانیەتییەکە دەکەن.

زەردەشت هێرش ئاماژەشی بەوە دا کە خۆشەویستیان بۆ یارییەکە وای کردووە خۆیان خەرجییەکانی چوونە پاڵەوانیەتییەکە لە ئەستۆ بگرن. دەشڵێ جگە لە وەرزش، لەگەڵ براکەیدا لە ناوچەی پیشەسازیی هەولێر کار دەکات، دوای چەند مانگێک کارکردن، پارە کۆ دەکەنەوە و بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتییەکە خەرجی دەکەن.


زەردەشت هێرش لە کاروانی یاریکردنیدا وەک یاریزانی کینگ بۆکسینگ، ٢٧ یاری ئەنجام داوە و لە ٢٥ یاریدا براوە بووە، تەنیا دوو یاریی دۆڕاندووە. خاوەنی چوار پشتێنی زێڕینە، هەروەها میدالیای زێڕی بەدەست هێناوە و پاڵەوانی کوردستان و عێراق و ئاسیایە.

زانیاری هێرشیش کە مێرمنداڵێکی تەمەن یازدە ساڵە و لە ماوەی یاریکردنیدا هەشت یاری ئەنجام داوە و لە هەموویان براوە بووە، خاوەنی دوو پشتێنی زێڕینە لە پاڵەوانییەتی جیهان لە کێشی ٣٨ کگم بەشداری دەکات و پاڵەوانی عێراق و ئاسیایە.

یاری کینگ بۆکسینگ یارییەکی هونەری جەنگیە، وەرزشی شەڕ و مۆدێرن تێکەڵ دەکات، کینگ بۆکسینگ چەند جۆرێکی هەیە، کینگ بۆکسینگی ئەمریکی و ژاپۆنی کە هەریەکەیان کۆمەڵێک یاسای خۆیان هەیە، ئەم دوو جۆرە زیاتر تەکنیک و لێدانە، هەروەها موای تای تایلەندی جۆرێکی تری ئەو یارییە و زیاتر لێدانی ئەژنۆ و جەستەی تێدایە.

## یانەی هەولێر ناو یاریگە بەکرێ دەدات

# حوسێن پاقڵاوە ناڕەزاییە



وێنە: ئاراس بارێتێز

کارزان کانەبی

گ ماوەی ٢٩ ساڵە بێ دابڕان لە یاریگاکانی تۆپی پێ لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستان، لەناو هاتوهاواری سەدان هاندەردا، بەخۆی و سنییە پاقلاوەکەی سەرییەوە دەبیندرێت.

حوسێن محەمەد گەنجێکی تەمەن ٣٨ ساڵە، کاری پاقلاوەفرۆشی گەڕۆکی لە باوکیەوە بۆ ماوەتەوە و پێشتر باوکی کۆچکردووی لە یاریگاکاندا پاقلاوەی فرۆشتووە.

لە هەر یاریگایەکی کوردستان یارییەکی بەهێز هەبێت، ئەو بە خۆی و سینیەکەیەوە ڕووی تێ دەکات، لەو ماوە درێژەی تەمەنیدا شارەزاییەکی زۆری لە یاریی تۆپی پێ پەیدا کردووە و هاوڕێیەتییەکی بەهێزیشی لەگەڵ زۆربەی یاریزانەکانی تۆپی پێی یانەکانی کوردستاندا هەیە.

حوسێن محەمەد کە بە حوسێن پاقلاوە ناسراوە، لە گەڕەکی کورانی مەخموور دەژی، بۆ (گڵکەند) گوتی ئەو ڕۆژانەی یاریگاکان چۆڵن و یاری بەڕێوە ناچن، بۆ ساغکردنەوەی پاقلاوەکانی، ڕوو لە پێشانگاکانی ئۆتۆمبێل دەکات لە هەولێر. بەڵام ئەو سنووری بۆ کارەکەی خۆی دیاری نەکردووە و زۆر جار دەچێتە یاریگاکانی سلێمانی، دهۆک، زاخۆ و ئاکرێ، دەڵێ لە هەر شوێنێک یارییەکی بەهێز هەبێت لە خولەکانی کوردستان و عێراق، ئەو پاقلاوەی بۆ دەبات.

تەنانەت جاری وا هەبووە لەگەڵ یانەکانی هەولێر چووەتە بەغداش و لە یاریگاکانی ئەوێش پاقلاوەی فرۆشتووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ «عەرەب زۆریان حەز لەو پاقلاوەیەی من نییە«.

حوسێن کە لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە پاقلاوە دەفرۆشێت، یادگارییەکی کۆنی لە قەزای چەمچەماڵ دەگێڕێتەوە کاتێک پاقلاوەیەکی زۆری لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ یاریگای ئەو شارە، بەڵام یارییەکە تەواو دەبێت و ئەو هێشتا هیچی وای نەفرۆشتووە. سەرۆکی ئەوکاتی فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بانگی کردووە و لێی پرسیوە حوسێن چۆنت فرۆشتووە؟ ئەویش دەڵێ وەڵا زۆرم ماوە، سەرۆکی فیدراسیۆنیش دەڵێ باشە پاقلاوەکە بەسەر هاندەراندا دابەش بکە، پارەکەی عایدی من، بەو شێوەیە ئەو ڕۆژە لە زەرەرێکی گەورە قورتاری دەبێت.

بەم دواییانە کە هەواڵی بەکرێدانی ناو یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری بڵاو بووەوە، حوسێن پاقلاوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگی ناڕەزایی لێ بەرز بووەوە و پەیامێکی ئاراستەی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر کرد و دەڵێ ئەو وەک کاسبکارێکی ناو یاریگە، بەوە ڕازی نییە ناو یاریگا بەکرێ بدرێت و دوای ئەو هەموو ساڵە ڕێگری لە کاسبیەکەی ئەو بکرێت. دووپاتیشی کردووەتەوە کە ئەو لە هەموو یارییەکاندا دەچێتە ژوورەوە.

# عارەبانچییەکەی تەیراوە چۆن گەیشتە ئۆڵۆمپیادی پاریس؟

هێمن ئەسکەندەر

سەرباری ئەوەی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، پیشەیەکی سەختی هەیە، لەوەش زیاتر دۆخە جەستەییەکەی ڕێگری لە خەونەکانی نەکرد، بەڵکو ئەحمەد جەبار بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەربەستەکانی شکاند، توانی لە پشتی عارەبانەیەکەوە، لە تەیراوەڕا خۆی بگەیەنێتە ئۆڵۆمپیادی پاریس.

ئەحمەد جەبار پێکەوە بەست، بە هەنگاوێکی گەورە، لەنێو کاسبکارانی بازاڕە پڕ هەراوزەناکەی تەیراوەوە، گەیشتە پڕجۆشترین چالاکیی جیهانی، کە ئۆڵۆمپیادە.

ئەحمەد جەبار گەنجێکی باڵا بەرزی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و بەشی زۆری تەمەنی عارەبانچێتی و فرۆشتنی میوە بووە لە هەولێر، بەڵام حەزە زۆرەکەی بۆ تایکواندۆ، وای کرد خۆی لە پاریس ببینێتەوە، لەوێش چیرۆکێکی دیکەی وەکوو وێستگە ناخۆشەکانی دیکەی ژیانی هاتە ڕێی.

ئەحمەد لە زگماکەوە، کێشە لە دەستیدا هەبوو، بەڵام هەست و هۆشی نەخستە سەر ئەو کێشە تەندروستییەوە، بەڵکو ئارەزووی منداڵی کە یاریی تایکواندۆ بووە، تەواوی بیر و خەیاڵی ئەوی داگیر کردووە. وەک خۆی بۆ (گڵکەند)ی دەگێڕێتەوە، چیرۆکی عارەبانچییەکەی تەیراوە لە ساڵی ٢٠١٢ دەست پێ دەکات، سەختیی کارەکەی وای لێ کردووە نەتوانێ بچێتە کۆلێژی پەروەردەی وەرزش بخوێنێت، لە کاتێکدا ناوی لەو کۆلێژە گەڕابووەوە، لە هەمان کاتی کارکردنیدا، لەگەڵ یاریزانە لەشساغەکاندا یاریی تایکواندۆی کردووە، بە ماوەیەکی کەم گەیشتووەتە لوتکە، لە یاریکردن بەردەوام بووە و چەند دەسکەوتێکی لەسەر ئاستی هەولێر و کوردستان و عێراق بەدەست هێناوە.



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

دوای دامەزراندنی فیدراسیۆنی پاراتایکواندۆی عێراق کە تایبەتە بە یاریزانانی خاون پێداویستیی تایبەتی یاری تایکواندۆ، بانگهێشت دەکرێت، لەوێوە ئەحمەد بەرەو ئاستی نێودەوڵەتی هەنگاو دەنێت، لە دوو پاڵەوانییەتی کە لە بەغدا بەڕێوە چوون، پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەست دێنێت.

ئاستبەرزیی لە وەرزشەکەدا، ئەو گەنجەی تەیراوە دەگەیەنێتە لوتکە و بەشداریی پاڵەوانییەتی ئاسیا لە ئێران دەکات، لەوێ پلەی سێیەم بەدەست دەهێنێت، ئەمە وای کرد یەکێک بێت لە بەربژێرەکانی یاریزانانی عێراق.

ئەحمەد جەبار باس لەوە دەکات، کە لە چین بەشداریی پاڵاوتنەکانی گەیشتن بە ئۆڵۆمپیاد دەکات، بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە دوور دەخرێتەوە، ئەمجارە چارەنووس و چانس یاوەری دەبێت و فیدراسیۆنی پارائۆڵۆمپیی جیهان، بەهۆی سەیرکردنی ئەنجامی سەرجەم یاریزانەکان، ئەو پاڵەوانە کوردە سەردەخات بۆ یارییەکانی ئۆڵۆمپیاد، ئەم هەواڵە ئەحمەد دڵخۆش دەکات و بە تامەزرۆوە بۆ ماوی چوار مانگ لە چەندین وڵات ئامادەکاری بۆ ئۆڵۆمپیاد دەکات، دوای بەشداریکردنی، لە یەکەم یاریدا بەهۆی جووڵەیەکەوە قاچی دەشکێت و بە ناچاری یارییەکە تەواو ناکات و دەبرێت بۆ نەخۆشخانە، هەر لە پاریس نەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدرێت و دوو ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە.

ئێستا ئەحمەد لە ڕیزبەندی باشترین ٢٤ یاریزانی جیهانە لە پاراتایکواندۆ و بە گوتەی خۆی دوای قۆناغی چارەسەری پێکانەکەی، دەگەڕێتەوە یاریکردن و کۆڵ نادات تا دەگاتە ئۆڵۆمپیادی داهاتوو، کە دوای چوار ساڵی تر لە لۆس ئەنجلوس لە ئەمریکا دەکرێت.



خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper published by Kurdistan Chronicle

گڵکەند

Issue (5), Sunday 1/12/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

پەناگەی تەڕیو غەوارەبوانی
بۆیە هەموودەم شیرین و جوانی
ڕەمزی قوربانی و وەفای شارانی
شاری مزگەوت و خێری جارانی

لاڕێیان هاتن ویستیان کوێرت کەن
ویستیان لە بەردەم خۆت سەرشۆڕت کەن
سیمایان گۆڕیت ڕەگیان داکوتا
ویستیان دڵی ڕەشن بەرگ بۆڕت کەن
سۆزی دایکانەت گۆرانی میهرە
دڵپاکیت ڕەگی لە پەرجوو سیحرە
قەڵای میرانە شورای هەزاران
یا خوا هەر بژیت ئەی شاری شاران

هەولێری لۆلۆ تاجی کوردستان
هەولێری کوو کوو خاکی سەربەستان

سەرکەوت ڕەسول

